گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/6yhbv018

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 10/06/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 24/08/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/03/2026

# شیکاری لۆژیکییانەی زمان و ڕەتدانەوەی مێتافیزیک لە ڕوانگەی ڕۆدۆڵف کارناپ

سورچی نادر محمود[1] - حسن حسێن صدیق[2]
hassan.25@uor.edu.krd - arannadr9@gmail.com

۱+بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، بە میتۆدی شیکاری ئەنجامدراوە. لۆژیک دەروازەیەکە بۆ فەلسەفە. لۆژیک، ئامرازێکە بۆ ئەوەی هزر لە بڕیاردان نەکەوێتە هەڵەوە. دەستەواژەی دروست و مانادار دەربڕین. لە فەلسەفەی هاوچەرخدا لە ڕاسڵ، فرێگە، ڤیتگنشتاین، دواتریش فەیلەسوفانی شیکاری و پۆەزەتیڤیزمی لۆژیکییەوە، وەرچەرخانێکی مەزن لە لۆژیکدا هاتە ئاراوە، لۆژیکی کۆن تێپەڕێنرا و لۆژیکی نوێ جێگەی گرتەوە. لۆژیکی نوێ پشتی بە ماتماتیک بەست، ماتماتیک وەک بنەما بۆ دارشتنی بنەما لۆژیکییەکان و دەستەواژە لۆژیکییەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا. ماتماتیک بنەماکانی گومانهەڵنەگرن و ڕاستی تەواون (پەتی و ڕەهان)، فەیلەسوفانی شیکاریش لەو ڕێگەیەوە دەیانویست زانینێکی دروست دابڕێژن، لە ڕێگەیەوە خۆیان لە دەستەواژە مێتافیزیکی و بێ ماناکان بپارێزن. فەیلەسوفانی شیکاری هەوڵیانداوە لۆژیک بە جۆرێک ڕێکبخەنە و لەگەڵ بنەما زانستییەکانی سەردەم بێتەوە و وەک میتۆدی زانستی بکرێ دەستەواژە و چەمکە زانستییەکانی پێ پێناسە بکرێت. لە ڕوانگەی فەلسەفەی شیکارییەوە، هەر شتێک نەتوانرێ بۆ بنەڕەتێکی ئەزمونی بگەڕێنرێتەوە یان بە بەڵگە ساغ و پشتڕاست نەکرێتەوە، دەستەواژەی بێ ناوەڕۆکن. بەشی زۆری کێشە و پرسە ئاکاری و مێتافیزیکییەکان، لە ڕوانگەی کارناپەوە بە کێشە دانەدەندران، چونکە دەیگەڕاندنەوە بۆ هەڵە بەکارهێنانی زمان. ئەزمون بنەمای یەکەمبو لای کارناپ و پۆزەتیڤیزمەکان. لای کارناپ زمان ڕۆڵی گرنگ دەبینێ، مرۆڤ دەبێ زمانی پاڵپشتبێ بە لۆژیکەوە، توێژینەوەی زانستی دەبێ پشت بە زمانێکی بیرکارییانە (مێتازمان) ببەستێ، واتا لۆژیک وەک بنەمایەک بۆ زمان و زانین، لە ڕێگەی زمانێکی لۆژیکییەوە، هاوکات میتۆدێکی شیکارییانەوە، تێگەیشتن و زانینێکی زانستییانە سەبارەت بە جیهان. جیهان لای کارناپ گرنگی تەواوی هەیە، چونکە ئەوەی لە جیهان هەیە ئەزمونییە. لۆژیک و زمانیش لێرەدا گرنگیان و پەیوەندییان دەردەکەوێت بۆ تێگەیشتن لە جیهان بە شێوەیەکی زانستییانە. کام دەستەواژانە لۆژیکین و کامانە بێ واتان؟ چۆن لە ڕێگەی زمان و لۆژیکەوە ئەو پەیوەندییە دروست دەبێت کە بتواندرێ دەستەواژەی ڕاست و ناڕاست و واتادار و بێ واتا لە یەکتر جیابکەینەوە؟

**کلیلەوشەکان:** لۆژیک، زمان، شیکاریی لۆژیکی، ئەزمون، کارناپ.

# A Logical-Analytical Inquiry into Language and the Rejection of Metaphysics from the Perspective of Rudolf Carnap.

**Surchi Nadir Mahmood[1] - Hassan Hussein Siddiq [2]**

[1+2] Department of Philosophy, College of Humanities, Raparin University, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

This study employs an analytical approach. Beginning from the logical analysis of language, it aims to reject metaphysics through the lens of Rudolf Carnap's philosophical position. Logic is considered a gateway to philosophy. It serves as a tool to prevent reasoning from falling into error, and at the same time, to produce precise and meaningful expressions. From the tradition of analytic philosophy—starting with Russell, Frege, and Wittgenstein, and continuing with logical empiricists and logical positivists—logic has undergone a significant transformation. Classical logic was replaced with modern logic, which is fundamentally grounded in mathematics. Mathematics, as a basis for constructing logical foundations and logical expressions, plays a prominent role. Mathematical foundations are considered doubtless and absolutely true (abstract and necessary), which is why analytic philosophers sought to derive reliable knowledge from it, and through it, protect themselves from metaphysical and meaningless terms. That's why analytic philosophers attempted to systematize logic in a way that aligns with the scientific foundations of their era, and to use it as a scientific method by which scientific terms and concepts could be defined. From the perspective of analytic philosophy, anything that cannot be traced back to empirical foundations or cannot be verified by reliable evidence is considered meaningless. Many metaphysical and abstract philosophical problems, in Carnap's view, are not genuine problems; rather, they result from the misuse of language. Empirical verification is the criterion for distinguishing between meaningful and meaningless expressions—meaning that every term must have a referent in the world and must be verifiable in order to have meaning. For Carnap, language plays a vital role. Human beings must base their language on logic. Scientific investigation must rely on a rational (meta-language), which treats logic as a foundation for language and knowledge. Through such a logical language, a methodological approach to gaining scientific understanding of the world becomes possible. The world, for Carnap, is of utmost importance because what exists in the world is empirically observable. Hence, logic and language are key to understanding the world in a scientific manner. Which terms are logical and which are meaningless? How can language and logic construct the relationship that allows us to distinguish between true and false, meaningful and meaningless expressions? For Carnap, a meaningful expression is either empirical and can be verified or has a basis in logical-analytical structure. Any other expression is considered meaningless and devoid of content.

**Keywords:** Carnap, Logic, Language, Experience, Logical Analysis

## پێشەکی

ڕۆدۆلف کارناپ، فەیلەسوفی ئەڵمانی سدەی بیستەم بە ڕابەری کۆڕی ڤییەننا . پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی دادەندرێت. لەم توێژینەوەیدا، بە میتۆدی شیکاریی، هەوڵدەدەین دید و بۆچونی کارناپ شیکاری بکەین لەبارەی زمان و لۆژیک و دەستەواژە لۆژیکییەکان. کارناپ، هەڵوێستێکی توندی نواند بەرانبەر مێتافیزیک. بۆ کارناپ، پێیوابو ئەو گوتن و دەستەواژانە مانادارن کە تەنیا دو لایەن لەخۆ دەگرن: یان ئەوەی لە جیهاندا ئاماژەپێدەرێکی ئەزمونیانەیان هەیە و شیاوی تاقیکردنەوە و ساغکردنەوەن، یان ئەوەیە بنەمایەکی شیکارییانەی هەیە و دەتوانرێ شیکاریی بکرێن، ئەوەش زێدەتر ئەو دەستەواژانە دەگرێتەوە کە بنەمایەکی لۆژیکی و ماتماتیکییانەیان هەیە و گومان لە ڕاستێتیان ناکرێت. لە ڕوای کارناپدا، بەشی زۆری کێشە و پرسەکانی نێو فەلسەفە (ئاکاری و مێتافیزیکییەکان)، کێشە و پرسنین، بەڵکەو هەڵە بەکارهێنانی زمانە و ناشارەزاییە لە بونیاتی لۆژیکییانەی زمان، چونکە بە لای کارناپەوە، تەنیا زانینێک بونی هەیە کە ئەویش زانستییانەیە، زانینی زانستیش، تەنێ ئەو کاتە پێیدەگوترێ زانینێکی زانستی، کاتێک هیچ گومانێک لە ڕاستی ئەو دەستەواژانە نەبێت، ئیتر یان ئەوەیە لە جیهاندا ئاماژەپێدەرێک و نیشانەیەکی ئەزمونیانەیان هەیە و شیاوی تاقیکردنەوە و ساغکردنەوەن، یان ژی شیاوێتی شیکارییانەیان هەیە و هەمیشە ڕاستن کە ئەمەش لە بونیاتێکی لۆژیکییانە دروست دەبن. بۆ کارناپ، شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان، میتۆدی سەرەکی کارکردنییەتی. بەو میتۆدە، پاڵپشت بە بنەمای ساغکردنەوە، هەر جۆرە دەربڕین و گوتن و دەستەواژەیەکی مێتافیزیکی و ئاکاری ڕەتدەکاتەوە کە نەتوانرێ پشتڕاست بکرێنەوە و شیاوی ساغکردنەوە نەبن، هەر بەو میتۆدە بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی مێتافیزیک دەکات، چونکە دەستەواژە مێتافیزیکییەکان بە هیچ کلۆجێک ناتوانرێ لە ئەزموندا ساغبکرێنەوە و هیچ جۆرە ئاماژەپێدەر و نیشانەیەکی ئەزمونیان نییە و دەکەونە دەرەوەی جیهانی هەستەکی مرۆڤەوە، مامەڵە لەگەڵ جیهانی ئەزمونیدا ناکەن، هاوکات بناغە و بونیاتێکی لۆژیکی و شیکارییانەشیان نییە. بۆیە کارناپ ئەم جۆرە دەستەواژانەی کە ناتوانرێ ساغبکرینەوە جا مێتافیزیکی بن یاخود ئاکاری، ئەوا بە دور لە واتایان دادەنێ و هەڵیاندەسپێرێ. لێرەوە ڕەخنەی توند لە فەلسەفەی نەریتی دەگرێت و پێیوایە نەیانتوانیوە زانینێکی زانستی و دروست بە مرۆڤ ببەخشن، ئەوە شیکاریی لۆژیکییە دەتوانێ لەمە ڕزگارمان بکات و بمانکات بە خاوەنی زانینێکی زانستییانەی یەکگرتو و بێگومانی و دڵنیاییکەرەوە. ئەویش بەوەی تەنیا بتوانێ لە ڕێی شیکاریی لۆژیکییەوە و پاڵپشت بە ماتماتیک، خۆی لە کەوتنە هەڵە بپارێزێت و بە تەواوی دەربڕین و دەستەواژەکانی واتادارین و لە چوارچێوەی ئەو میتۆدەدابن و خۆیان مژوڵی کێشە و پرسە نەریتی و مێتافیزیکییەکان نەکەن، چونکە هیچمان پێنالێن لەبارەی جیهانەوە، ئەوەی دەتوانێ زانینێکی دروست و دڵنیایی و تەواوەتی و ڕاستمان بداتێ لەبارەی جیهانەوە، تەنیا بە ڕێی شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان ئەوە دەکرێت و ئەمەش وادەکات بتوانین زمانێکی دەستکرد دروست بکەین و خۆمان لەو زمانە فەرمی و هەبوەی کۆمەڵگە بپارێزین و چیتر نەکەوینە ئەو هەڵەیەوە. ئەم کارەی کارناپ، کارکردنە لەسەر توێژینەوەی زانستی نەوەک زمانی ژیانی ئاسایی کە خەڵک پێیدەدوێ، داماڵینی لۆژیکی کلاسیکە لە زمانی ئاسایی، داهێنانی زمانێکی هێمایی بیرکارییانەیە (مێتا زمان)، بە مەبەستی هاوتاکردنی لەگەڵ زانستدا. ئەمەش بە ئامانجی جیاکردنەوەی زمانی توێژینەوەی زانستی لەگەڵ زمانی ئاسایی ناو خەڵکی ژیانی ڕۆژانە تا بتوانرێ دەستەواژە زانستییەکان واتادارین و زانینێکی زانستییانە ببەخشن.

**کێشەی توێژینەوە:** ئایا چۆن دەتوانرێ بە ڕێگەی شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان مێتافیزیک بەرپەرچبدرێتەوە و ڕەتبکرێتەوە؟ ئەمە کێشەی سەرەکی توێژینەوەمانە کە چۆن کارناپ بە ڕێی شیکاریی لۆژیکی زمان بەرپەرچی مێتافیزیک دەداتەوە و دەستەواژەی لۆژیکی دەبێ چۆنبن؟ کێشەی توێژینەوەکەمان، لەو پرسانە دەکۆڵێتەوە و ئەوەی هەیە بریتییە لە چۆنیەتی ڕەتکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی مێتافیزیک بە ڕێگەی شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی توێژینەوەکەمان، دو ئامانج لە خۆیدەگرێت، ئامانجی تایبەتی و ئامانجی گشتی. لە ئامانجی تایبەتیدا: ڕەتکردنەوە و هەڵوەشانەوەی مێتافیزیک بە میتۆدی شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان. ئەویش بەو ئامانجەی کە کارناپ ویستیبو بەم میتۆدە، بێ واتایی دەستەواژە مێتافیزیکییەکان بسەلمێنێ و بەو ئامانجەی زانینێکی زانستی یەکگرتو هەبێت و گومانهەڵنەگربێ و هیچ نارونی و لێڵییەکی تێدا نەبێت، ئەمەش تەنیا بە ڕێی لۆژیکەوە دێتەدی، چونکی لۆژیک دەروازەیە بۆ فەلسەفە و یاریدەدەرە مرۆ بتوانێ بیرۆکەکانی بە دروستی بخاتەڕو و خۆی لە کەوتنە هەڵە بپارێزێت. ئامانجی گشتی: مەبەست لێی دەرخستنی پەیوەندی نێوان لۆژیک و زمانە، تێگەیشتنە لە دید و ڕوانگەی پۆزەتیڤیزمە لۆژیکییەکان و کارناپیش بەتایبەتی لەبارەی لۆژیک و زمان و مێتافیزیک. بێگومان ئامانجی تایبەتی لەخزمەت ئامانجە گشتییەکەدایە.

**گرنگی توێژینەوە:** هۆکاری گرنگی ئەم توێژینەوەیە، لە چەندین لایەنەوەیەوە. لە ڕوی فەلسەفییەوە، دەرخستن و تێگەیشتنە لە بۆچونی کارناپ لەبارەی زمان و لۆژیک، چۆنیەتی کارکردنی میتۆدی شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان، هەروەها ڕەتکردنەوە و هەڵوەشانەوەی مێتافیزیک بە میتۆدی شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان و بنەمای ساغکردنەوە. شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان، یارمەتیداوە لە پێشخستنی میتۆدە زانستییەکان و باشترکردنی تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان زمان و بیرکردنەوە. هەروەها ئەم کارەی کارناپ، بوەتە هۆی دروستبونی گفتوگۆیەکی فراوان لە بواری فەلسەفەدا. ئەمەش بەشدارییێکی کارای کارناپ بو لە فەلسەفەدا. خاڵێکی دیکەی گرنگی توێژینەوەکە، بە زانستیکردنی فەلسەفە بە میتۆدی شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان و دورخستنەوەی مێتافیزیک، دروستکردنی پەیوەندییە لەگەڵ زانستەکانی دیکە و نزیکخستنەوەی فەلسەفەیە لە زانست. هەروەها گرنگییەکەی لەوەدایە ئەم ڕوانینەی کارناپ، دژبەری لەگەڵ ڕەوتەکانی دیکەی لێکەوتەوە و کاریگەرییەکی گەورەی خستە سەر فەلسەفەی هاوچەرخ، بەتایبەتی مشتومڕ و گفتوگۆی بەردەوام لە دژ بە بونگەرایی و فەیلەسوفانی سەر بەو ڕێبازە. هەروەها گرنگی ئەم توێژینەوەیە، لە چۆنیەتی و کارکردنییەتی لە لایەنی میتۆدۆلۆژیدا.

**میتۆدی توێژینەوە:** میتۆدی سەرەکی توێژینەوەکەمان، میتۆدی شیکارییە بە ئامانجی تاوتوێکردنی پرسی شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان لە ڕوانگەی کارناپ. میتۆدی شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان، گرنگترین میتۆدبو و سەرەکیترینبو لای پۆزەتیڤیزمەکان و کارناپیش بەتایبەت، بەو مەبەست و ئامانجەی شیکارییەکی ورد و تەواو ڕون و ئاشکرا بۆ چەمک و دەستەواژەکان بکرێ و ببرێنەوە سەر بنج و بنەوانیان تا سادەترین شێوەی خۆیان و لە ڕێیەوە زمانێکی دروست و بێ کێشە (بۆ توێژینەوەی زانستی دابین بکرێ) و مرۆڤ بتوانێ بەکاربهێنێ و دەستەواژە و چەمکەکان ڕونبن و مەبەستداربن نەک پوچ و بێ واتابن.

**گریمانەی توێژینەوە:** ئایا دەکرێ لە ڕێگەی شرۆڤەی لۆژیکییەوە و ئەو پەیوەندییەی لە نێوان زمان و لۆژیک هەیە، دەستەواژەی واتادار و بێ واتا لە یەکتر جیا بکرێنەوە؟ شرۆڤەی لۆژیکی بۆ زمان چۆن دەتوانێ ببێتە میتۆدێک بۆ ڕەتکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی مێتافیزیک؟ لە ئەنجامدا هەولدەدەین بگەین بەو دەرئەنجامە.

## تەوەرەی یەکەم: لۆژیک و دەستەواژەی لۆژیکی

### ١. چییەتی لۆژیک:

لۆژیک و چییەتی لۆژیک، یەک لە بابەت و پرسە گرنگ و بە بایەخەکانی نێو دیرۆکی فەلسەفەیە. هەردەم بابەتی گرنگی هزرینی فەیلەسوفان بوە. لۆژیک بەشێوەیەکی گشتییە، بە تایبەتی لۆژیکی نوێ، چیتر لۆژیک تەنیا ئەم پێناساندن و کارکردە کلاسیکییەی نییە کە لە ئەریستۆوە درێژدەبێتەوە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بەڵکو ئیدی لۆژیک فۆرم و شێوەیەکی دیکە وەردەگرێت. جۆرێک لە دەربڕینی شێوە هێمایی و بنەمایەکی تەواو ماتماتیکییانەی هەیە لۆژیکی نوێ. بۆ ئەوەی باشتریش لە دەستەواژەی لۆژیکی تێبگەین و لە هزر و بۆچونەکانی کارناپ باشتر تێبگەین، لە چییەتی لۆژیکەوە دەدوێین. "بۆچی لۆژیک وەک بەشێکی فەلسەفە پێویستە؟ بە ڕای هەندێک لۆژیک بەشێکی فەلسەفەیە، لای هەندێکی تریش "ئامراز"ێکە بۆ پێشخستنی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی. لۆژیکمان پێویستە تا دڵنیابین لەوەی ئارگومێنتەکانمان شایستەن، هیچ هەڵەیەکی تاریکی وایان تێدا نییە. لە فەلسەفەی دێریندا، ئەرکی لۆژیک پاراستنی حەقیقەتە فەلسەفییەکان و هەڵتەکاندنی هەڵەکان بو. لۆژیک خۆی بۆ خۆی گەشەی کردوە و ناوبەناویش وەک بەدگومانییەکی پەنهان لە بابەتە سەرەکییەکانی فەلسەفە سەیری کراوە". (ئاناس، ٢٠١٤، ١٣٦ . ١٣٧). لە سەرەتادا، تەنا وەک ئامرازەک بۆ پاراستنی هزر لە هەڵەکردن و دۆزینەوەی هەڵەی بەرانبەر بەکاربراوە، هەروەها ئامرازەک بوە بۆ فەلسەفاندن.

"لۆژیک زانستی بیرکردنەوەی دروست و بەڵگەئامێزە، هەوڵدەدات ڕاستی لە ڕێگەی بەڵگەهێنانەوە دەربخات. ئاشکرایە لۆژیک کار لەسەر بەڵگەهێنانەوە دەکات و بەڵگەهێنانەوە لە چەند دەستەواژەیەک پێکدێت، کە دەیانەوێت بە ئاکامێک بگەن. گەیشتن بە ئاکام لە هەمو بەڵگەهێنانەوەیەکدا، گەیشتنە بە ترۆپکی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوەکە و دواقۆناغی کە هەر لە سەرەتاوە چاوەڕێی گەیشتن بەم ترۆپک و دواقۆناغە دەکرێت. ئەگەر بیرکردنەوە لەم گەشتەیدا و لە نێو ئەم ئەم پرۆسەی بەڵگەهێنانەوەیە بە ئاکام نەگات یان بە ئاکامێکی نادروست بگات، ئەوا گەشتەکە بێهودە دەردەچێت و بە هیچ ڕاستییەک لە ئاکامەکەدا ناگات. کەوابو، ئەو ئاکامەی لە دواقۆناغی بەڵگەهێنانەوەکەدا دروست دەبێت، (دەستەواژەیەکە) ڕاستییەکی نوێ دەردەخات. ئەم ڕاستییە لەوەو پێش نەزانراوە و نوێیە". (عەزیز، ٢٠١٥، ٣١). دەبێت نوێ بێت و ڕاستییەکی نوێ بدات بەدەستەوە ئەو دەستەواژەیەی لەو بەڵگەهێنانەوەیەدا کەوتۆتەوە، ئەگەر ئاوهاش نەبو، هیچ زانینێکی نوێ نادات و لێی فێرنابین. ئەمەش دەچێتەوە چوارچێوەی دەستەواژەی دوبارەبوەوە، ڕاستە لەگەڵ پێشەکییەکان هاوتایە و کێشەی نییە، وەلێ زانینێکی نوێ نادات بەدەستەوە.

ئەو دەرەنجامەی لە شیکاریی لۆژیکییەوە دەکەوێتەوە، یاخود تەواو لۆژیکییە و لە ئەنجامی سادەکردنەوە و گەڕاندنەوە بۆ بنج و بنەوانی شتەکە و شیتەڵکردن و ڕۆشنکردنەوەی شتی ناڕۆشنە، یاخود دەرەنجامێکە لە ڕێگەی ئەزمونەوە دەتوانین ئەو شیکارییە بکەین و ئەنجامەکەی ڕاست بکەوێتەوە یان هەڵە واتا ڕێتێچون بێت، وەلێ چ جار و وەختان ناتوانین ئەو مامەڵەیە لەگەڵ دەستەواژە و دەربڕینە مێتافیزیکییەکان بکەین، چونکە دەستەواژە و دەربڕینە مێتافیزیکییەکان، ناخرێنە هیچ یەکێک لەو چوارچێوانە، نە ئەزمون، نە دەرەنجامێکی لۆژیکی لە ڕێی شیکاریی لۆژیکییەوە.

شیکاریی لۆژیکی بۆ کارناپ، لە خوێندنی بیرکاری و فیزیا و فەلسەفە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەریهەڵداوە (مەبەست لەوەیە کە کارناپ لە سەرەتادا بیرکاری و فیزیای خوێندوە و لەژێر کاریگەری فریگە و ڕاسڵ دا بوە). کارناپ بە کاریگەری لۆژیکی شێوەیی فرێگە و فەلسەفەی شیکاریی ڕاسڵ و جەختکردنەوەی کۆڕی ڤیەننا لەسەر زانستی ئەزمونی (میتۆدی هەندەکی = ئیستقراء)، هەوڵیدا میتۆدە فەلسەفییە تازەکان، وەک شیکاریی لۆژیکی، لەگەڵ زەمینەسازی ئەزمونیدا تێکەڵ بکات. گوتن و دەربڕینە شیکارییەکان بەهۆی فۆرمی لۆژیکی خۆیانەوە ڕاستن، لە کاتێکدا دەستەواژە دروستکراوەکان وابەستەن بە پشتڕاستکردنەوەی ئەزمونییەوە. بۆ کارناپ، ئەم جیاکارییە یارمەتیدەرە بۆ هێڵکاریکردنی

مەودای دروستی فەلسەفە (پەیوەندیدار بە ڕاستییە شیکارییەکان) لە زانستەوە (پەیوەندیدار بە ڕاستییە دروستکراوەکان). (بە وەرگرتن لە کتێبی کارناپ: سێنتاکسی لۆژیکی جیهان).

لە کتێبی (نەهێشتنی مێتافیزیک لە ڕێگەی شیکاری لۆژیکی زمانەوە) (١٩٣٢) باسی لەوە کردوە دەستەواژە و دەربڕینە مێتافیزیکییەکان ناوەڕۆکی ئەزمونییان نیيە و بێمانان. بۆ نمونە دەربڕینەکانی وەک "ڕەها بێکۆتاییە"، ناکەوێتە هیچ چوارچێوەیەکی پێوەرەکانی ڕاستی شیکاریی یان پشتڕاستکردنەوەی ئەزمونی. کارناپ ئەم جۆرە دەستەوژانەی بە "گەڵاڵەی ساختە وەسف کردوە، لە هەڵەی زمانەوانییەوە سەرچاوە دەگرن نەک لە تێگەیشتنە ڕاستەقینەکان" (Carnap 1932, 63).

بە بۆچونی کارناپ، لۆژیک دو جۆری هەیە: کۆن و نوێ. لۆژیکی کۆن، مەبەست لێی لۆژیکی ئەریستۆیە کە هەر لە ئەوەوە بە درێژایی دو هەزار ساڵ درێژەی هەبوە، بە لۆژیکی ڕوخسارەکیش ناسراوە. لۆژیکی نوێ، لۆژیکێکە هێمایی و سیمبوڵییە، بنەماکەی ماتماتیکە، لۆژیکێکی شیکارییە، دەستەواژەکانی یان شیکارین یان ئەزمونین، ئەمەش فەلسەفەی بەو ئاراستەیە برد نزیکبێتەوە لە زانستە ئەزمونییەکان، ئامانجی کارناپیش هەر ئەوەبو، یەکەیەکی زانستی یەکگرتو دابمەزرێنێ لە ڕێی شیکاریی لۆژیکی زمانەوە. "پشت بەستن بە شیکاریی لۆژیکییانەی زمان، بە تایبەتی زمانی زانست، بابەتێکی لێکەوتۆتەوە دواتر بە سێنتاکسی لۆژیکی ناسراوە. بەهۆی جێبەجێکردنی شیکاریی زمانەوە، دەرکەوتوە تایبەتمەندی و خەسڵەتە لۆژیکی و پەیوەندییەکان (بۆ نمونە: خەسڵەتی دەستەواژەیەکی دیاریکراو شیکارییە، ناکۆکییە، لێکدراوە یان جۆرێکیترە... ئینجا بابەتی پەیوەندییەکانی بە دوای یەکتریدا هاتنی نێوان دەستەواژە و کێشەکان چۆن بێت)، ڕاستەوخۆ بە پێکهاتەی بنەڕەتی کێشە لۆژیکی و دەربڕە زمانەکانەوە کە تێیدا دێن و بەکاردێن، بە واتایەکی دیکە: بەندن بە بەدوایی یەکتریدا هاتن و جۆری دەربڕین کە لە سیمبۆڵەکاندا دێن و بەکارهاتون، بە خەسڵەتە سێنتاکسییەکان ناودەبرێن. کارناپ، پشتئەستورە بەوەی تا ئێستا ئاماژەی پێدرا، لەو باوەڕەدابوە لۆژیکی کۆن تواناى نەماوە و ناتوانێ لەگەڵ ڕەوتی پەرەسەندنە زانستی و فەلسەفییەکاندا بگونجێ و بێتەوە و ئینجا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پەیدابون، هەر لە سەرئاو کەوتنی قەیرانی بنەماکان لە ماتماتیکدا و ئەو ناکۆکییانەی بونەتە مایەی هاتنە کایەوەی تیۆری ڕێژەیی و کوانتۆم، سودبەخش نیيە، بۆیە پێویستی کردوە لۆژیکێکی نوێ دابنرێ کەلەبەرەکانی کۆن پڕ بکاتەوە و هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە و کەموکوریيەکانی چارەسەر بکات. ئەو لۆژیکە نوێیە، لە فەلسەفەدا ئەو ڕۆڵەی دەگێڕێ کە بیرکاری (ماتماتیک) لە زانستدا دەیگێڕێ" (عەزیز، ٢٠١٦، ٢٤٧.٢٤٨).

لۆژیکی کۆن ناتوانێ ئەو ڕۆڵە بگێڕێت، لەبەر ئەوە پێویستە لۆژیکی نوێ بێتەدی، ئەو لۆژیکەش بنەماکەی ماتماتیک بێت و لە شێوەی هێما و سیمبۆڵیکەوە ئاماژەی پێبدرێت.لۆژیک، چەندان ڕێسا دابیندەکات بۆ بەڵگەکان و ئەوەی پێویستە ئەنجامی بدات. "لۆژیک لە بنەڕەتدا کۆمەڵێک ڕێسای گشتی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستیی بەڵگەکان دابیندەکات، بەڵام پێش دانانی ڕێساکان بابەتە زمانییەکان پۆلێنبەندی دەکات و زمان لە ڕوانگەیەکی نوێ و ناوازەوە دەخاتە بەر باس. هەروەها ڕەنگە زمانێکی دروستکراو ئاراستە بکات، لۆژیک بابەتە زمانییەکان، واتە وشەکان و ڕستەکان پۆلێنبەندی دەکات، بۆ ئەوەی پۆلێنبەندی ئەنجامگیری و بوڕهانەکان ئاسانتر بکاتەوە. لۆژیک بە چەند هۆوە دەستدەداتە تازەگەریی زمانی. یەک لە هۆکارەکانی لەناوبردنی تەمومژی و دولایەنییە. هۆکاری دی بریتییە لە ساناکردنەوەی بۆچونە تازەکان و هۆکاری سێیەمیش ئەمەیە کە جۆرێک نیشانەگەلی کورتکراوەی هەبێت تاکو دژواری ئەنجامگیرییە ئاڵۆزەکان سوک بکاتەوە". **(ئیرانیزا، ٢٠٠٩، ٣٠٤)**. ئەمە مەبەست و ئامانجە سەرەکییەکەی لۆژیکی نوێبو. لێرەوە تێدەگەین گرنگی لۆژیک بۆ زمان تا چ ئاستێکە.

ئەو زمانەی فەلسەفەی پێدەردەبڕدرێ، پێویستیی بە بونیاد و بنەڕەتێکی لۆژیکییانە هەیە تاوەکو باشتر و وردتر و ڕونتر مەبەست و نیازەکانی بگەیەنێ بە گوێگر و خوێنەر. جیا لە لۆژیک، لایەنی ماتماتیکیش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەش یەک لە خاڵە سەرەکییەکانی لۆژیکی نوێیە. بەو ئامانجەی زمانی فەلسەفی بتوانێ پاڵپشت بەو بنەما لۆژیکی . ماتماتیکییە، باشتر بیرۆکەکانی بگەیەنێ و واتای دەربڕینەکان ڕونترین. وەک جۆرێک لە وەرچەرخان و بارگۆڕینی فەلسەفیبو ئەم بۆچوونە. "بونیادی لۆژیکی بۆ زمان بۆ شیکردنەوە و گەیشتن بە ئاکامی ڕێکوپێکی کێشە فەلسەفییەکان، پێویستی بە زانستی ماتماتیک بوە. واتە، بیرکردنەوەی فەلسەفی دەبێت هاوشێوەی بیرکردنەوەی ماتماتیکی بە ئاکامەکانی بگات. بۆ ئەم مەبەستە، فەلسەفە پێویستی بە لۆژیکێکی نوی هەیە تا بتوانێت بە تەواوی خۆی لە زمانی ڕەشۆکی و بیرکردنەوەی مێتافیزیکییانە دور ڕابگرێت. ئەم کارە فەلسەفە لە زانست نێزیک دەکاتەوە". **(کەمال، ٢٠٢٤، ٣٢٤)**.

لە لۆژیکی کۆندا، تەنیا دەستەواژە هەبو، وەک خۆی دەنوسرایەوە، وەلێ لە لۆژیکی نویدا، شێواز و داڕشتنی سیمبۆلیانە و چەندان جۆری سیمبول بەکاردێنێ، هێما و نیشانەی تایبەت بە خۆی هەیە، زیاتریش ئەو هێما و سیمبول و نیشانانەن کە لە ماتماتیکدا هەن. ئەمەش وایکرد چەندان کێشە بهێنە چارەسەرکردن لە لۆژیک و ڕێبازە لۆژیکییەکاندا، بە تایبەت ئەو کێشانەی هۆکارەکانیان زمانی ئاسایی ڕۆژانە دروستی کردبون. "ئەگەر مرۆڤ لێکۆڵینەوەیەکی نوێی لۆژیکی بکەوێتە بەردەست، یەکسەر ئەو لایەنەی سەرنجی ڕادەکێشێ و دیار دێتە بەرچاوی، ئەو پەیڕەو و فۆرمولە سیمبۆلییانەیە تیایدا بەکارهاتون و لەوانە دەچن لە بیرکاریدا بەکاردێن. ئەم سیمبۆلانە لە بنەڕەتدا پشتئەستور بە بیرکاری داهێنراون، ئینجا لێیانەوە فۆرمێکی گونجاو و تایبەت بە ئامانجێکی دیاریکراو کەوتۆتەوە. لە بیرکاریدا بایەخی پەیڕەوی باسکردنی سیمبۆلی لە بەرانبەر ئەوەی لە زمانی ئاساییدا باوە، بە ئاشکرا دەردەکەوێ، ڕستەکە یاخود کێشەکە چەند ورد و ڕون دەبێ، بۆ نمونە، لە جیاتی ئەوەی بنوسین: ژمارەیەک لە ژمارەی دوەم بدرێ، هەمان ئەنجام دەکەوێتەوە و هەروەک ئەمە وایە: ژمارەیەکی دوەم لە یەکەم بدرێ... لە جیاتی ئەمە دەنوسرێ: بۆ پیتی: "٢.X" دەکرێ: "٢.X=X.٢"بێ یاخود پوختتر ئەگەر سیمبۆلی بەکاربێنین: "X.٢=٢.X(٢.X)". **(عەزیز، ٢٠١٣، ١٢٨)**. بە نمونە: مرۆڤ مرۆڤە. یان بە شێوە سیمبولییەکە: س هەر س ە. ئەم شێوە بیرکاری دەربڕینە شێوە سیمبۆلییە، وایکردوە دەرئەنجام و ئەوەی باسی لێوە دەکرێت، وردتر و ڕونتر بێتە بەرچاو و ئاشناتر بێ و کەمتر ئاڵۆزی تێدابێت.

لۆژیکی نوێ، وەک ئەوەی لای کارناپ بنەماکانی داڕێژراوە و کاری پێکراوە، چەندان تایبەتمەندی و خەسڵەتی هەیە، ئەمانەن:

"یەکەم: کایە و پاوانی کار و چالاکی و توێژینەوەکەی لە هی لۆژیکی کۆن فراوانتر و وردترن.

دوەم: بە تەواوەتی دەستبەرداری شێوازی (بنە . بار) بوە و لە جیاتیانی پشتی بە تیۆری پەیوەندی نێوان دەستەواژەکان بەستوە.

سێیەم: هەردو تیۆری گۆڕاو و نەگۆڕاوە لۆژیکی و تیۆری هاوبەندی دەستەواژەکانی تێدایە.

چوارەم: شێوازی لۆژیکی کۆن: چەمک، بڕیار، ئەنجام. لە لۆژیکی نوێدا، جێگای نابێتەوە.

پێنجەم: لە لۆژیکی نوێدا، دەستەواژە لۆژیکییەکان تایبەتمەندی دەستەواژە و کێشەی هەمانگۆییان هەیە (تاوتۆلۆگی). واتە ئەنجامەکەیان دوبارەکردنەوەی ئەوەیە لە پێشەکیدا هاتوە و هیچ لەبارەی دەوروبەر و هەڵکەوت ناڵێن و دەرنابڕن. ناوەڕۆکی ئەو دەستەواژانەی لە لۆژیکی نوێدا بەکاردێن وەک هی دەستەواژە و هاوکێشەکانی ماتماتیک وێنە و قەوارەی ڕوت و پەتین و تەنیا هەر لە مێشکی توێژەردا بونیان هەیە، بۆیە هیچ جۆرە ئەگەر و گومانێک هەڵناگرن و لە هەموکات و جێگایەکدا ڕاستن و ڕەهان و دورن لە ڕێژەییەوە.

شەشەم: لە لۆژیکی نوێدا، لایەنێک هەیە بە لۆژیکی پراکتیکی ناو دەبرێ، ئەو لایەنە پەیوەستە بە شیکردنەوەی لۆژیکیانەی چەمک و دەستەواژەکانی لقەکانی زانستە جیاوازەکان.

حەوتەم: ئەو لۆژیکە ئامرازێکی کاریگەری دورخستنەوەی کێشەکانی مێتافیزیکە لە کایەی فەلسەفە و زانستدا.

هەشتەم: بۆ دورخستنەوەی ئەو کێشانەی لە زانست و فەلسەفەدا بەهۆی بەکارهێنانی زمانی ژیانی ڕۆژانە بەرپا دەبنم پەنا براوەتە بەر ڕۆنان و دارشتنی زمانێکی سیمبۆلی کە لە جیاتی وشە، سیمبۆل و هێما بەکاردەهێنرێن". (عەزیز، ٢٠١٦، ٢٤٨ . ٢٤٩). لەگەڵ چەندان خەسڵەت و تایبەتمەندی دیکەی لۆژیکی نوێ، بە جیاواز لە لۆژیکی کۆن. هەروەها لۆژیکی نوێ بریتییە لە تیۆری زانینی زانستییانە. ئامانجی کارناپیش دروستکردنی یەکەیەکی زانستی یەکگرتوبو. هەروەها، ئەزمون بنەمای یەکەمە بۆ دەرخستنی ڕاستی و ناڕاستی دەستەواژەکان، ئەوەیشی دەکەوێتە دەرەوەی ئەزمون و بنەما لۆژیکی و ماتماتیکییەکان، بە بێ مانا و پوچ دادەندرێت و دەستەواژەی بێ واتایە و وەک جۆرێک لە هەڵپەساردنە، نابێت بە دەستەواژەیەکی زانستی، هیچ زانینێکی لێناکەوێتەوە. "خالی سەرەکی ئەم لۆژیکە فەلسەفییە، لەو بۆچونە فەلسەفییە پێشیانە a prior پێکهاتوە. واتە تەنیا بەهۆی بیرکردنەوەوە، دەتوانرێت زانستی بەدەستبهێندرێت سەبارەت بە داهێنان و دروستبونی جیهان و تایبەتمەندییەکانی لە خودی بەرهەمەکەشدا سوک و سانا هیچ سەلمێندراوێک لە ئارادا نییە، بەلکو تەنیا وشە پێکەوەنانە، بۆ نمونە وا هەست دەکرێت گرنگییەک دەبزوێنێت لای ئەوانەی دەخوێننەوە یان گوێی لێدەگرن. لۆژیکی پۆزەتیڤیستی، لە کێشەی فەلسەفەی باو وەک زرە کێشەی (pseudo) تێدەگەن، کە هەمان شێوە بێ مانایە وەک ئەو سەلمێندراوانەی کە هۆکار و سەرچاوەکەیەتی." (هارتمان، ٢٠١٩، ٥٩٥). بەو مانایەی لە لۆژیکی نوێدا، دەستەواژە هەمانگۆییەکان، لە خۆیاندا دروست و واتادارن، چونکە بونیاتێکی لۆژیکییانەی دروستیان هەیە.

هەروەها، لۆژیکی نوێ، تەنیا ئەم لایەنانەی نییە، ئەرک و ڕۆڵی تایبەتی بۆ دیاریکراوە و لە چەندین لایەنەوە ئەرکی پێ سپێردراوە، وەک:

"یەکەم: بەهۆی شیکردنەوەی لۆژیکییەوە، دەرکەوتوە چەند کێشەیەک، کە ناوەڕۆک و ڕوخساری ئەزمونیان هەیە، دەکرێ پشتئەستور بە میتۆدەی زانستە ئەزمونییەکان، یەکلایی بکرێنەوە.

دوەم: کێشەی تر هەن، کە بەهۆی جۆرێکی تایبەتی بەکارهێنانی زمانەوە کەوتونەتەوە، ئەگەر چەمک و دەستەواژەکان بە هۆی شیکردنەوەی لۆجیکی زمان، زانستییانە پێناسە و ڕونبکرێنەوە، کێشەکان یەکلایی دەکرێنەوە و وەڵامی پرسیارەکان دەدرێتەوە.

سێیەم: جۆرەکەی تر کێشە مێتافیزیکییەکانن، ئەو کێشانە هەندێکیان بە شێوەی پرسیار دێنە بەرچاو و سەختە وەڵام بدرێنەوە، ناشکرێ بە زمانی زانست دەربڕدرێن یان بە چەمکی زانستییانە فۆرمۆلە بکرێن و دابڕێژرێنەوە. شیکردنەوەی لۆژیکی زمان، دەری دەخات ئەوانە کێشەی ڕاستەقینە نین، بەڵکو زرەکێشەن و ئەو دەستەواژانەیشی دەریانبڕیون، بێ واتان". (عەزیز، ٢٠١٦، ١٨١ . ١٨٢).

## ٢. دەستەواژەی لۆژیکی

چ جۆرە دەربڕین و ڕستەیەک دەستەواژەی لۆژیکییە؟ دەستەواژەی لۆژیکی لە چی پێکدێت؟ کارناپ چەند جۆری دەستەواژەی لۆژیکی دیاریکردبون؟ پێوەرەکانی چیبون؟ بۆ تێگەیشتن لە شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان، لە دەستپێکدا لەوە دەکۆڵینەوە دەستەواژەی لۆژیکی چییە و کارناپ لەمبارەیەوە بۆچوونەکانی چین؛ چونکە کارناپ هەوڵیدا ڕونی بکاتەوە چۆن لۆژیک دەتوانێت وەک ئامرازێکی بنەڕەتی بۆ تێگەیشتن و گەشەپێدانی زانینیی زانستی بێت، واتە زانینێک پەسەندە بۆ کارناپ، ئەگەر بنەمایەکی لۆژیکییانە یان بنەمای ساغکردنەوەی هەبێت.

کارناپ لە کتێبی "ڕستەسازی لۆژیکی زمان" (١٩٣٤)، چەمکی زمانێکی فەرمی (زمانێکی زانستی بە جیا لەو زمانە ئاساییەی هەیە) ناساند، تێیدا دەستەواژە لۆژیکییەکان بە بنەما و یاسا سەرەکییەکانی ڕستەسازی پێکدێن. بۆ کارناپ، دەستەواژە لۆژیکییەکان لە ناو زمانێکی فەرمیدا لە زاراوە و هێماکان پێکدێن کە بەپێی کۆمەڵە یاسایەکی دیاریکراوی ڕێزمانی ڕێکخراون". .(Carnap, 1934, 23) بەو واتایەی بەدەر لە هەر لێکدانەوە و مانایەک، بەڵکو لە خودی خۆیاندا سەربەخۆییان هەیە. بۆ کارناپ دەستەواژەیەکی لۆژیکی لە بنەڕەتدا ڕیزێک هێمایە، گوێڕایەڵی . ملکەچی یاسا ڕستەسازییەکانی (سێنتاکسی) زمانەکەن، بەڵام مەرج نییە بە ناوەڕۆکێکی ئەزمونی دیاریکراوەوە بەسترابێتەوە.

ئەگەر زێدەتر لە دەستەواژە تێبگەین و ڕونی بکەینەوە و بزانین جیاوازی دەستەواژە لەگەڵ ڕستە و دەربڕینەکانی دیکە چییە؟ "دەستەواژە لە جیاتی وشەی لاتینی (Proposition) بەکارهاتوە. مەبەستمان لە دەستەواژە ئەو جۆرەیە کە واتایەک دەبەخشێ و ئەو واتایەش دو بەهای هەیە: ڕاستە، یان چەوتە. وشەکە خۆی بە زمانە ئەروپییەکان چەند واتەیک دەگەیەنێت: گریمانە، پێشنیاز، کێشە، گوزارە، دەستەواژە... دەستەواژە یەکەیەکی بنەڕەتی پێکهاتەی لۆژیکە، ئەو یەکەیەی لە دو بەها بەو لاوە نییە، ڕاستە یان چەوتە. لەو پێناسەیە ئەو خاڵە جیا دەبێتەوە: دەستەواژە بەوە لە ڕستە Sentences جیادەکرێتەوە کە دو بەهای هەیە و لە هەست و سۆز و دەربڕین و پرسیار و فرمان و سەرسوڕمان و هەلومەرجی هەواڵگەیاندن دورە. بە نمونە: سۆکرات مرۆڤە". **(عەزیز، ٢٠١٦، ٩٨)**. ئەم دەستەواژەیە، بە ئاشکرا دیار و ڕاستە، وەلێ وەختێک بێژین: سۆکرات کوردە، ئەوا دەبێ بە مێژودا بچینەوە و بۆمان دەربکەوێت ئایا ڕاستە کوردێک هەبوە ناوی سۆکرات بوبێ و فەیلەسوف بوبێ؟ ئەودەم دەزانین کە هەڵەیە. تەنیا دەستەواژەی لۆژیکییە هەڵگری بەهای ڕاست و هەڵەیە، ئەمەیە جیاوازییە سەرەکییەکە لەگەڵ ڕستە و دەربڕینەکانی تر. هەر بۆیە دەتوانین بێژین: "هەر دەربڕینێک توانای دەستنیشانکردنی دروستی و نادروستی نەبو، ئەوا دەستەواژەی لۆژیکی نییە و لە دەرەوەی بایەخدانی لۆژیکە... چونکی دەستەواژە دەربڕینێکە واتا و هەواڵ لەخۆ دەگرێ و ڕاستەوخۆ بەهای دروستی یان نادروستی دەستنیشان دەکرێ". **(جەباری، ٢٠١٤، ٣٢ . ٣٣)**.

دەستەواژەیەکی لۆژیکی، بۆ کارناپ، "لە هێما و زاراوەیەک پێکدێت، کە لەگەڵ پێکهاتە ڕستەسازییە فەرمیەکاندا دەگونجێت. ئەم هێمایانە بە تەنیا مانا ناگەیەنن؛ بەڵکو ڕۆڵیان بەپێی ئەرکەکانیان لەناو سیستەمێکی فەرمی دیاریکراودا دیاری دەکرێت. بەم شێوەیە دەستەواژە لۆژیکییەکان بە سروشتی ئەپستراکت . پەتی و هێمادارییان لە زمانی ڕۆژانە جیا دەکرێنەوە". (Carnap, 1934, 23). دەستەواژەی لۆژیکی بچوکترین یەکەی ماناداره لە زمانێکی زانستیدا و دەتوانرێت لەگەڵ دەستەواژەکانی دیکە تێکەڵ بکرێت بۆ پێکهێنانی ڕستەی لۆژیکی تەواو.

بۆ کارناپ، هەر دەربڕینێک دەبێتە دەستەواژەی لۆژیکی، دو ڕەهەندی هەیە، یان ئەوەیە لێکدراوە و لە جیهاندا و ئاماژەپێدەری هەیە، یاخود شیکارییانەیە و بنەمایەکی ماتماتیکیانەی لۆژیکیانەی هەیە و شیاوی ڕاستێتی تێدایە، وەلێ هیچ کات دەربڕینە مێتافیزیکییەکان نابن بە دەستەواژەی لۆژیکی. "ئەگەر دەستەواژەیەک بۆ دەربڕینی ڕاستی ئەو (شتە) دروست بێت، ئەوا دەستەواژەکەی ڕاستییەکە دەردەبڕێت، لەسەر بونی شتەکە ڕادەوەستێت؛ واتە، بونی ئەو شتە حوکم بەسەر ڕاستیی دەستەواژەکەدا دەدات و دەستەواژەکە لە دەربڕینی ڕاستییەکەدا بونی ئەو شتە دەردەخات. بەبێ بونی شتەکەی لە نێو دەستەواژەکەدا باس دەکرێت، دەستەواژە سەبارەت بەو شتە دروست نابێت و ڕاستییەکە دەرنابڕیت. لە دەستەواژەی (هەمو کۆترێک باڵندەیە)دا، ڕاستییەک سەبارەت بە (کۆتر) دەردەبڕین کە پەیوەندی بە (بونی) کۆتر و باڵندەوە هەیە. ئەگەر کۆتر نەبێت و چونیەکیی لەگەڵ باڵندەدا نەبێت کە ڕاستییەکی دەرەکییە، دەستەواژەکەمان ڕاست نابێت". **(کەمال، ٢٠١٦، ٣٢)**. ئەم دەستەواژەیە، لە بیرکردنەوەمانەوە سەرچاوە ناگرێ بە

تەنیا، ڕاستی و ناڕاستییەکەیشی تەنیا پەیوەندیدار نییە بە بیرکردنەوەمان، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ بونی ئەو شتە لە دەرەوەمان، ئەمەش مانای وایە پرۆسەی بیرکردنەوە تەنیا دەرونی یان ناخەکی نییە، بەڵکو دەرەکیشە و پەیوەستە بە هەڵکەوتی لە ئارادابو. واتە بیرکردنەوە، بەبێ بونی بابەتی دەرەکی لە خۆیدا، ڕونادات. کەوابێت بۆ ڕاستێتی و ناڕاستییەتی ئەو دەستەواژەیەی سەرەوە، ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ دەرەوەی خۆمان و لێکۆڵینەوە دەکەین و ڕاستی و ناڕاستیمان بۆ دەردەکەوێت.

خاڵێکی سەرەکی و گرنگ بۆ کارناپ جیاکردنەوەی نێوان ڕستەسازی و واتاسازی بو (سێنتاکس و سیمانتیکس). بۆ کارناپ، "ڕستەسازی ئاماژەیە بۆ ئەو یاسا فەرمیانەی پێکهاتەی دەستەواژە لۆژیکییەکان بەڕێوەدەبەن، لە کاتێکدا واتاسازی پەیوەندی بەو لێکدانەوە یان مانایەوە هەیە بۆ ئەم دەستەواژانە دیاری کراوە". (Carnap 1934, 56). بۆ کارناپ، دەستەواژە لۆژیکییەکان بەر لە هەر شتێک پەیوەندییان بە ڕستەسازییەوە هەبو- دەتوانرا بەپێی یاسا فەرمیەکان دەستکاری بکرێن بەبێ ئەوەی بیر لە واتای ئەزمونییان بکرێتەوە.

کارناپ لە کتێبی واتا و پێویستی (Meaning and Necessity) (١٩٤٧) دا، ئەم بیرۆکەیەی فراوانتر کردوە و وەک پێشنارکردنێک خستویەتییە ڕو کە دەتوانرێت واتای دەستەواژە لۆژیکییەکان لە شێوەی چوارچێوە زمانەوانییە تایبەتەکاندا تێبگەین. ئەم چوارچێوانە کۆمەڵێک یاسای زمانەوانی بون دیارییان دەکرد کە چۆن دەتوانرێت چەمک (لەوانەش دەستەواژە لۆژیکیەکان) بۆ وەسفکردنی لایەنە جیاوازەکانی واقیع (هەڵکەوت) بەکاربهێنرێت. لەبەر ئەمە، دەتوانین بڵێین بۆ کارناپ، واتا جێگیر نییە، بەڵام دەتوانێت جیاواز بێت بەپێی ئەو چوارچێوەیەی دەستەواژەیەک تێیدا بەکاردەهێنرێت.

لە ڕوانگەی کارناپ، بەدەر لە دەستەواژە مێتافیزیکییەکان، دو جۆرەکەی دیکەی دەستەواژە واتادارن و زانینی نوێیان لێدەکەوێتەوە، مەبەست ئەو دو جۆرەی دەستەواژەیە لە ڕوانگەی کارناپ، ئەوانیش دەستەواژەیەک کە ئاماژەپێدەرێکی هەبێت لە جیهاندا و شیاوی بنەمای ساغکردنەوە بێ، یاخود دەستەواژەکە لە خۆیدا بونیاتێکی لۆژیکییانەی شیکارییانەی هەیە و هەر ڕاستە. ئەمە خاڵی سەرەکی و بنەڕەتی لایەنە لۆژیکی و پۆزەتیڤیزمییەکەی کارناپ بو. لە کتێبی (ڕستەسازی لۆژیکی زمان. ١٩٣٤)، لەبارەی ئەم دو جۆرە دەستەواژەیە ئاماژەی بەوەکردوە، "ڕستە لۆژیکیەکان لە دەستەواژەی لۆژیکی پێکهاتون، تاوتۆلۆژی (مەبەست لە هەمانگۆیی یان دوبارەوەبوەوەکانن) یان لێدوانێکن بەهۆی پێکهاتەی لۆژیکی خۆیانەوە ڕاستن. ئەم دەستەواژانە زانیاری نوێ سەبارەت بە جیهان نادەن؛ بەڵکو خزمەت بە ڕونکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان چەمکەکان دەکەن لەناو سیستەمێکی لۆژیکیدا". (Carnap, 1934, 62). بەم واتایەی دەستەواژە لۆژیکیەکان بە تەنیا ئەوانەنین ئاماژەپێدەرێکیان هەیە لە جیهاندا، بەڵکو واتاکانیان لە شێوەی چوارچێوەیەکی لۆژیکی تایبەتدا پێناسە دەکرێن. بۆ نمونە لە تیۆرە زانستییە جیاوازەکاندا، ڕەنگە هەمان دەستەواژەی لۆژیکی واتای جیاوازی هەبێت، ئەمەش بەندە بە گریمانە بنەڕەتییەکان و یاساکانی ئەو زمانەی بۆ دەربڕینی تیۆرەکە بەکارهاتوە. ئەم دو جۆرە دەستەواژەیەن لە سیستەمە لۆژیکییەکەی کارناپدا، مانا و زانین بە مرۆڤ دەدەن. دەستەواژە ئەزمونییەکان ئەوانەن زانیاری نوی لەبارەی جیهانەوە دەدەن و دەتوانرێت تاقیبکرێنەوە. کارناپ بە فەرمیکردنی (واتا داهێنانی زمانێک کە توێژینەوەی زانستی دەستەواژەکانی دروستبن و زانینی نوێ لێبکەوێتەوە) پێکهاتەی دەستەواژە لۆژیکییەکان، ئامانجی دروستکردنی سیستەمێک بو کە سنورەکانی نێوان شیکاریی لۆژیکی و تاقیکردنەوەی ئەزمونی بە تەواوی و بە شێوەیەکی باش دیاری بکرێت.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، ئەم دو جۆرە دەستەواژەیەی لای کارناپ هەن، ئەمەش چوارچێوەی سیستەمی لۆژیکی کارناپ پێکدەهێنێت. دەستەواژەی لۆژیکی بۆ کارناپ، یان ئەزمونین، یان شیکارین. کارناپ پێیوایە "دەستەواژە لۆژیکییەکان ئەو ئامرازانەن زانایان دەتوانن بە هۆیەوە گریمانەیەک دابڕێژن کە دواتر دەتوانرێت لە ڕێگەی شیاوێتی بۆ ئەزمون تاقیبکرێنەوە". (Carnap, 1934, 75). کارناپ جەختی لەوە کردەوە لە کاتێکدا دەستەواژە لۆژیکییەکان خۆیان هەڵگری ناوەڕۆکی ئەزمونی نین، بەڵام لە بنیاتنانی ئەو تیۆرییانەی دەتوانرێت بە شێوەیەکی ئەزمونی پشتڕاست بکرێنەوە، پێویستەکین، ئەمەش یارمەتیدەربو بۆ دارشتنی سیستەم و تیۆری زانستی کە شیاوی تاقیکردنەوە و ئەزمون بێ.

کەواتە دەبێ بونیادەکەی لۆژیک بێ، بەپێچەوانەی ڕستە، دەکرێ شت هەبێ بەبێ بونیادێکی لۆژیکیانە، لەڕوی ڕستەسازییەوە تەواو دروستبێ، وەلێ مەرج نییە لەڕوی بونیادی لۆژیکییەوە ڕاست بێ و واتاداربێ. "لۆژیکی زمان کار لەسەر دەستەواژەکان دەکات، نەک ڕستەی زمانەوانی. ئەو دەستەواژانەی لەسەر بنەمای سەلماندنی ڕاستی و ناڕاستییان دامەزراوە. بە پێچەوانەی دەستەواژەوە، ڕستە لە زماندا پەیڕەوی لە یاساکانی ڕێزمان دەکات، نەک ڕاستی و ناڕاستی. بۆ نمونە، دەستەواژەی (پاشای فەڕەنسا نەخۆشە)، وەک ڕستەیەک هیچ کێشەیەکی ڕێزمانی نییە و ڕستەیەکی تەواوە، بەڵام لەڕوی لۆژیکییەوە لە گرفت بەدەر نییە. ئەم دەستەواژەیە وەسفی بابەتێکمان بۆ دەکات (پاشای فەڕەنسا)، کە نییە". (محەمەد، ٢٠٢٤، ٣٦٠). واتە، دەکرێ ڕستە لەڕوی ڕستەسازی و لایەنی ڕێزمانییەوە هیچ کێشەیەکی نەبێت و تەواو بێت، بەڵام ڕاستی و ناڕاستییەکەی دەکەوێتەوە سەر پێوەرە لۆژیکییەکان. ئەمەش وادەکات لۆژیک یارمەتیدەربێ لەوەی نەکەوینە هەڵەوە و ڕاستی و ناڕاستی ڕستە و دەستەواژەکان بزانین.

کەواتە دەتوانین بڵێین، "دەستەواژەکان لە توانایاندا هەیە تەنیا باسی چۆنێتی شتەکان بکەن، وەک چییەتی شتەکان خۆیان چین، چونکە پێکهاتەی هەر زمانێکی زانستی تەواو، یەکسان و هاوئاستە لەگەڵ پێکهاتەی بونی جیهانی ماتریالی و بابەتە دەرەکییەکان". (الموسی، ٢٠٠٢، ١٢). دەستەواژە لۆژیکییەکان، بنەمای سەرەکی سیستەمی لۆژیکین بۆ کارناپ، چونکە بەر لە هەر شتێک پێویستە بزانین دەستەواژە لۆژیکییەکان چین و چۆن دروست دەبن، وەک ئەوەی کارناپ لە دەستپێکدا ئەمەی کرد. بە جیاکردنەوەی ڕستەسازی لە واتاسازی و کارەکانی دواتر لەسەر چوارچێوەی زمانەوانی، یارمەتیدەر بو بۆ زیاتر بەرەوپێشچونی تێگەیشتن لەوەی چۆن دەستەواژە لۆژیکییەکان هاوکار و بەشدار دەبن لە سیستەم و تیۆرییە زانستییەکان، ئەوانی مانادارن.

## تەوەرەی دووەم: پەیوەندی نێوان زمان و لۆژیک

لۆژیک ئامرازێکە بۆ پاراستنی هزر لە هەڵە کردن و کەوتنە هەڵەوە، زمانیش دەربڕی ئەو بیرۆکانەیە دەریاندەبڕین و دەستەواژە و ڕستەیان لێ پێکدێنین. ئیتر زمان و لۆژیک ئەم پەیوەندییەیان لە نێواندا دەکەوێتەوە تا مرۆڤ بتوانێت هەم لۆژیکییانە بیربکاتەوە، هەم دەربڕین و دەستەواژەکانی لە ڕێی زمانەوە کە دەریاندەبڕێ، ڕاست و دروستبن. کارناپ چۆن لەم پەیوەندییە دەڕوانێت؟ ئەو پەیوەندییەی نێوان زمان و لۆژیک، بەو ئامانجەبو لە ڕێی میتۆدی شیکاریی لۆژیکییەوە، بونیادێک یان سیستەمێکی زانستی بۆ پرۆسەی زانین بهێنێتە ئاراوە، لەمەوە هیچ جۆرە گومانێک لە زانین و دەستەواژەکانی نێو ئەو سیستەمە زانستە یەکگرتوییە نەمێنێت. ئەوەی کارناپ دەیویست زانینێکی زانستییانە لە یەکەیەکی یەکگرتودا بێنێتە دی، بێگومان بە ڕێی پەیوەندی نێوان لۆژیک و زمان بە ئامانج دەگات. زمان و لۆژیک لە یەکتری دابڕاونین بۆ کارناپ. ئەم پەیوەندییەش، لە چەند لایەنێکەوەیە، وەک: "یەک: تایبەتمەندییە لۆژیکییەکان لە دەستەواژەدا، وەک دەستەواژە شیکارییەکان، دانانییەکان و دژەکان و... هتد. دو: پەیوەندییە لۆژیکییەکان لە نێوان

دەستەواژەکان وەک پەیوەندی دژیەکی لە نێوان دو دەستەواژەدا، یان هەڵهێنجانی یەکێک لە دەستەواژەکان لەویتریانەوە... هتد. سێ: لێرەوە کارناپ لۆژیک وا دادەنێت پەیوەستە بە زمانەوە بەوپێیەی بەشێکە لە پێکهاتەی زمانی بە مانای فراوانی وشەکە. هۆکار لە بانگەشەکردن بۆ هێماییبونی زمان لای کارناپ، بریتییە لە نەتوانایی هەر زمانێک بۆ گەیشتن بە ئامانجی سادەیی و ڕونی بەبێ پشتبەستن بە لۆژیکی هێمایی. پەیوەستکردنیش لە نێوان لۆژیک و زماندا، بە دەروازەیەک داندراوە بۆ سازشکردن یان پێکهێنانی لۆژیکی زمان لای کارناپ کە نمایشی کرۆکی دیدی ئەو دەکات لەبارەی سێنتاکسەوە". (نوسەر، ٢٠١٧، ١٥٣ . ١٥٤). هەمیشە و وەک دەستپێکێکیش، پێکهاتەی لۆژیکی بەها و بایەخ بە چەند لایەنێک وەک مەرج دەدات، بە نمونە؛ دژیەکی، بەو مانایەی لەتوانادا نییە سەلماندن بەسەر دو دەستەواژەی دژبەیەک بکرێ. هەروەها دەبێ بەڵگە لۆژیکییەکان و بەڵگەنەویستیەکان سەربەخۆبن و هیچ لایەنی دەرەکی کارتێکەری نەبێت. لەدواتریشدا دەبێت ئەوە بسەلمێنرێت کە جۆر و شێوازەکان ئەو پێکهاتەیەی ویستراوە و کاری لەسەر کراوە، دروست و تەواوە.

"شیکاریی لۆژیکییانە، سەرگەرمی ڕونکردنەوەی واتا و پێناسەکردنی وشەیە، بەڵام بە پێچەوانەی ڕێزمانی زمانەوە، بایەخ بە چەمک و ئیدیۆم دەدات بەتایبەتی ئەوانەی لە پرۆسەی زانیندا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە. بۆ نمونە فەیلەسوفەکان هەندێ جار چەند وشەیەکی گشتییانە بەکاردەهێنن جۆرە تەمومژاوییەکیان پێوە دەبینرێ و وردەکارییان تێدا بەکارنەهاتوە و جاروبار دو مانای لە یەکتری جیایان لێ بەدەر دەکەوێ، لێرەوە شیکاریی لۆژیکی وەک چارەڕێگایەکی پێویست بەدەردەکەوێ بۆ پەردە هەڵماڵین لەسەر ئەم جۆرە زرەکێشانە کە لەئەنجامی ناوردی و تەمومژ و ئاڵۆزییەوە پەیدابون". (عەزیز، ٢٠٠٥، ٩٧). شیکاریی لۆژیکی، پەنا بۆ ئەو ئامرازانە دەبات لە لۆژیکی ماتماتیکدا هەن، ئامانجیش لێی بریتییە لە دورخستنەوەی زمان و بیر لە کەوتنە هەڵەوە و خراپ بەکارهێنانی زمان و خستنەڕوی زانینێکی نازانستی کە هیچ سودێک بە پرۆسەی زانینی زانستی و زانینی مرۆیی نابەخشن.

شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان، کار لەسەر ئەو دەربڕین و ئیدیۆم و تێبینیکردن و دەربڕینانە دەکات کە دەبنە هۆی دروستکردن یان بونیادنانی سیستەمێکی زانینی زانستی. "ڕونکردنەوەی واتا و پێناسەکردنی وشە و ئیدیۆمە لەمبارەدا، وەک ئەوە وایە ئەو بنەمایانە دەستنیشان بکرێن، کاتی بەکارهێنانی وشە و ئیدیۆمە پشتیان پێ دەبەسترێ، ئەمەش بێگومان لە پێناسەی فەرهەنگی وشە جیاترە. شیکاریی لۆژیکی چەند هەنگاوێکی تر بەرەو پێشەوە دەنێ بۆ گەڕاندنەوەی ڕستەکان بۆ سەر یەکتری، ئینجا کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو وشە و چەمکانەی بەکارهاتون تا دەگاتە چەند ڕستە و وشەیەکی سەرەتایی و بنچینەیی کە لە ئەوان بەولاوە مەودای شیکاریکردنی نامێنێ. ڕستە ئاڵۆزەکانی زمان، بە هەنگاوی ڕێکوپێک شیکاری دەکرێن و دەگەڕێنرێنەوە بۆ سەر سادە و ساکارترین شێوەی ڕستە ڕاستەوخۆ واقیع و بابەتەکانی دەوروبەر دەردەبڕن و بگرە وێنەیەکی کۆپیکراوی واقیعن و دەکرێ لەبار، نالەبار حوکم و بڕیاریان لەبارەوە بدرێت". (عەزیز، ٢٠٠٥، ٩٨). ئەمە سیستەم و پەیڕەوی کارناپە و ناوی زانستی لێنابو، بە تەواوی پشت بە شیکاریی لۆژیکی ڕستەکانی زمان و چەمک و دەستەواژە زانستی و ئەزمونییەکان دەبەستێت.

لێرەوە شیکاریی لۆژیکی زمان، وەک میتۆدەیەک، یاریدەدەرە فەلسەفە و چالاکییە فەلسەفییەکان وەکو زانست مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چیتر فەلسەفە تەنیا لە بواری زانین و بیر دا نامێنێتەوە، هۆکار و هاوکارە بۆ زاناکان و زانستیش تا لە ڕێی لۆژیکەوە زێدەتر پەرە بە زانست بدەن و سودی لێببینن. هاوکات ئەم پەیڕەوە، وادەکات زانست باشتر شیکاری و شیکاری بۆ چەمک و دەستەواژە و تیۆرە زانستییەکان بکات و ئەوانەی مانادارن باشتر شیاوێتی ئەزمون و تاقیکردنەوە و ساغکردنەوەیان تێدابێت و لە هەمبەر ئەوەشدا وادەکات خۆیان لەو دەستەواژە و چەمکانە بپارێزن کە زەرەر بە زانست

دەگەیەنن و شیاوی ئەوە نین لە یەکەی زانستی جێ بگرن، بێگومان شیکاریی لۆژیکی بۆ ئەم لایەنە، کۆمەکێکی زۆری بە زانست و زاناکان کرد.

شیکاریی لۆژیکی، زمان دەگەڕێنێتەوە سەر بنەڕەتی خۆی، واتا هەر ڕستەیەک یان دەستەواژەیەک، دەکاتەوە بە وشە، ئینجا بۆ دەنگ و دواتر بۆ پەیوەندییەکانیان، تا دەگات بە سادەترین شێوەی خۆی و چیتر توانای شیکاریکردن و سادەکردنەوەی نامێنێت و هیچ نارونی و لێلی و تەمومژێیک نامێنێت. کارناپ جەختی لە گرنگی زمانێکی ورد و فەرمی لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا کردەوە کە لە ڕێی زمانەوە دروست دەبن یان زمان سەرچاوەیانە. کارناپ بە گرنگیدان بە ڕستەسازی زمان، چۆنیەتی تێکەڵبونی وشە و دەستەواژەکان بۆ پێکهێنانی دەربڕینی واتادار، پێیوابو "فەیلەسوفەکان دەتوانن خۆیان لەو نارونی و سەرلێشێواوییانە بەدور بگرن بە شێوەیەکی تایبەت لە زمانی ڕۆژانەوە سەرهەڵدەدەن. بۆیە ئامانجی فەلسەفە ڕونکردنەوەی چەمکەکان بو، نەک بانگەشەی میتافیزیکی سەبارەت بە جیهان". (Carnap, 1934, 32).

لێرەوە دەتوانین بڵێین، شــیکاریی لۆژیکی بۆ زمان، بۆ کارناپ، میتۆدێکی بە بەها و گرنگبو، لەم ڕێگایەوە زۆر بە باشی سیستەمە لۆژیکییەکەی دارشت، ئیدی دەستەواژە لۆژیکییەکان شێوەی تەواوەتی و زانستی خۆیانیان وەرگرت. هاوکات زانستیش بە شـێوەیەکی گشـتی سـودی لەم ڕوانینەی کارناپ وەرگرت، چونکی لە ڕێی ئەو میتۆدەوە دەکارن تیۆرەکانیان باشـتر دابرێژن و دەسـتەواژەی زانسـتی دروسـت و ڕاسـت دروسـت دەبێت. ئەوەی نارون و لێڵە، دوری بخەنەوە لە زانست. بە شێوازێکی گشتی، شیکاریی لۆژیکی وەک بنەمایە بۆ زمان، بۆ هێنانە ئارای زمانێکی زانستی و لۆژیکی، بتوانرێ لە ڕێیەوە مرۆڤ لە کەوتنە هەڵە بپارێزێ و جیاوازی بکرێ لە نێوان ڕستەی ئاسایی کەوا بنەماکەی زمانی ڕۆژانە یاخود ڕێزمانی زمانە، وەلێ شـــیکاریی لۆژیکی دەســـتەواژەکان دەباتە ســـەر چەمکە بنەڕەتییە پێکهێنەرەکانیان، هەولدەدات پێناسەیان بکات لە ڕێگای سادەکردنەوە و بردنەوە سەر بنج و بناوانی خۆیان و لە واتا هەمو لایەنێکی دەکۆڵێتەوە تا بە سادەترین دۆخی خۆی دەگات. یاخود ئەو دەستەواژانەی شیاوێتی ئەزمونکردن و تاقیکردنەوەیان تێدایە.

## تەوەرەی سێیەم: لە زمانەوە بۆ شیکاریی لۆژیکیی

### یەکەم: چییەتی زمان

لێرەدا هەوڵدەدەین بە کورتی ناساندن بۆ زمان بکەین و ئینجا لە ڕوانگەی کارناپەوە لەم بابەتە دەکۆڵینەوە. زمان ئەندامێکی ئاڵۆز و ناوازەی مرۆییە لە ڕێگەیەوە پەیوەندییەکان دروست دەکرێن و لە چەندان شێوەی جیاواز پێکهاتوە، لە شێوەی دەنگ و هێما و دەربڕینی بیرکردنەوە و ئاسانکاری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. چەندان یاسای ڕێزمانی تایبەت بە خۆی هەیە. جیا لە ئەرکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، زمان بۆ مەعریفە و دەربڕینی بیرۆکە بەکاردێت. زمان "سیستەمێکی پەیوەیوەندییە، تۆڕێکی ئارەزومەندانە بەکاردەهێنێت، وەک دەنگ، ئاماژە، یان هێمای نوسراو" و بە داهێنەرییەکەی، پێکهاتەی بەرێوەبردنی ڕێسا و گشتگیربونی لەنێو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا تایبەتمەندە". (Fromkin 2018, 3). ئەگەر زیاتر لە چییەتی زمان بکۆڵینەوە، دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین "زمان بە شێوەیەکی سروشتی ئەندامێکی ئاڵۆزە. ئەو شەیپ و شێوانەی کە لەگەڵ شەویلگەکاندا وەریان دەگرێت، کاریگەریی دەخەنە سەر چۆنییەتی فۆڕمو قەبارەی گوتنی بزوێنەکان، هەروەها شوێنی زمان بەپێی گەرو ، قورگ، ددان و لێوەکانیش، کاریگەریی هەیە. ئەو شێوازانەی بزوێنەکانیان پێ پۆلێن دەکرێت، پرۆسە و کرداری ئاڵۆزتریشیان تێدایە". (ماتیۆس، ٢٠٢٢، ١٨١).

چییەتی زمان، تەنیا ئەم ناساندنە کورتەی سەرەوە نییە، بەڵکو دەتوانین بڵێین "زمان لە شێوەیدا پێوەندی لەگەڵ گوزارەدایە و لە نێوەڕۆکیشدا لەگەڵ واتادا، یان بە دەربڕینێکی دیکە جیهانی ناوەوەی زمان واتایە و جیهانی دەرەوەیشی گوزارەیە... لە لایەنی زمانەوانییەوە: ئەوەیە گوزارە دەریدەبڕێت، یان وێنەی زەینییە بۆ گوزارە، بەڵام لە لایەنی زاراوەییەوە: مەبەست لە هزرێکی پەتییە بابەتی شتێک دەردەبڕیت، وەک واتای چاکە و بەختەوەری؛ لێرەدا کێشەی "تێگە" دێتە ئاراوە، کە لە واتا جیاوازە، تێگەش هەر وێنەی زەینییە، بەڵام بە بێ مەرجی ئەوەی داخۆ لە بەرانبەریدا گوزارەیەک هەبێت یان نا، بەڵام مەرجە لە بەرانبەر واتادا هەمیشە گوزارە هەبێت. هەروەها واتا پێش گوزارە دەکەوێت لە بونیدا و لە هزردا وەک ئەبستراکتێک لە گوزارە هەیە". (خەلەکانی، ٢٠١٠، ٥١ ـ ٥٢). ئەوەی لەم دەقەدا هاتوە، "تێگە" مەبەست لێی چەمکە، "گوزارە" مەبەست لێی دەستەواژەیە. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە و کارناپ مەبەستییەتی و کاری پێکردوە، لایەنی واتایی زمان بو، چونکی بەو میتۆدە دەیویست یەکەیەکی زانین بهێنێتە ئاراوە و زمانێکی دەستکرد و زانستییانە بهێنێتە ئاراوە.

زمان بۆ کارناپ، تەنیا ئامرازێکی پەیوەندیگرتن نییە لەگەڵ کەسی دیکەی بەرانبەر، زیاتر لەمە دەڕوات و زمان دەکات بە بنەمایەک بۆ دارشتنی تیۆریەک بۆ زمان. چۆن لە ڕێگەی شیکاریی لۆژیکییەوە دەگەین بە زمان؟ ئامانجی کارناپ لەم میتۆد و تیۆرییە چیبو؟ خاڵە سەرەکی و گرنگەکانی هزری کارناپ لەبارەی زمان و شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان چین؟

کارناپ، دەڵێ: "میتۆدی چالاکی و کارکردی فەلسەفە، لۆژیکە. لێرەوە بە دو واتا لە لۆژیک دەڕوانین و تێدەگەین: لۆژیکی ڕوخسارەکی و لۆژیکی کرداری یان ئەو لۆژیکەی دەبێتە تیۆری زانین". (Carnap, 1930, 17). کارناپ پێیوایە دەبێت زمان بە ڕێی ڕستەسازی لۆژیکییەوە شیکاری بکرێت. ئەمەش لەوێوە باشتر بۆمان ڕون دەبێتەوە کاتێک لە دەستەواژەی لۆژیکی تێگەیشتین و جیاوازیەکانیمان بۆ دەرکەوت. هزر و بیرکردنەوەکانی کارناپ لەبارەی زمان ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی واتا و ئاماژە و ڕاستییە لە هەردو زمانی زانستی و ڕۆژانەدا. کارناپ هەوڵیدا ناڕونییەکان نەهێڵێت کە گوتاری فەلسەفی نەریتییان لە چوارچێوەی ئەم کێشانە دەسوڕایەوە و ویستی بو زمانێکی ڕونتر و باشتر بە یاریدەی ماتماتیک و لۆژیک بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی بێنێتە ئاراوە.

بەمجۆرە دەبینین "زمان لە دەستەواژەکان پێکهاتوە، ئەوانیش بۆ دەستەواژە سادەکان شی دەکرێنەوە کە لە ناوەکان پێکهاتون. ناوەکان دەبن بە دوایین بەشی زمان و لەوە زۆرتر ئەم بەشە شیناکرێتەوە. بەرانبەر دەستەواژە لێکدراوەکان، فاکتۆرەکان هەن و بۆ ڕەوشی شتەکان (لە دەستەواژەی سادەدا) شی دەکرێنەوە. ڕەوشی شتەکان لە بابەتەکان پێکهاتون، کە ناویان بۆ دادەنرێت. ئەم بابەتانە چەسپاو و نەگۆڕن، تەنها پێکهاتەکانیان گۆڕانیان بەسەردا دێت". (کەمال، ٢٠٢٤، ٣٦١ ـ ٣٦٢).

کارناپ لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (سێنتاکسی لۆژیکی زمان ـ ١٩٣٤ز)دا، ئەم جیاوازییەی خستۆتەڕو لە نێوان هەردو جۆری زمان. "لە چوارچێوەی پەرەپێدانی لینگویستی ( توێژینەوەی زانستییانەی زمان) ـ (لۆژیکی زمان)دا، کۆشاوە جۆرە زمانێکی ڕوخسارەکی (مێتا زمان) ڕۆبنێ، زمانێک بتوانرێ بە هۆیەوە ڕستە و دەستەواژە و دەربڕینە زانستییەکان دابڕێژرێن. بۆ ئەو مەبەستە کارناپ زمانی کردوە بە دو جۆرەوە:

ـ زمانی ئاسایی ڕۆژانە، بە لایەوە بە کەمی توانایی و مەرجی تەکنیکی دەربڕینە زانستی و لۆژیکییەکانی تێدایە.

ـ زمانی تەکنیکی یان هونەری. ئەو زمانە بە چەند ڕێ و شوێن و بنەمایەکی تەکنیکی بەندە، تەنیا هەر بایەخ بە ڕوخسار و فۆرمی دەستەواژە و دەربڕینەکان دەدات، بۆیە ئەو بنەمایانە بە بنەڕەت و بنەمای سێنتاکسی ناودەبرێن. ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیردا دێت: بە چیدا بنەماکەی سێنتاکسی لە بنەماکانی ئاسایی ئەنجامگیری لۆژیکی جیا دەکرێتەوە؟ بنەماکانی

سێنتاكسی زمان چەند بنەمایەکی فۆرمی ڕوخسارەکین، بەڵام بنەماكانی ئەنجامگیری بریتین لە بنەمای جۆرە دارِشتنەوەیەکی ڕوخسارەکی Formale دەستەواژە و دەربڕینەکان". (عەزیز، ٢٠١٦، ١٩٦). زمانی ئاسایی، ئەم توانایەی نییە بتوانرێ بە بونیادێکی لۆژیکییانە، دەربڕینە زانستییەکان وەکی خۆی بگەیەنێ، بۆیە زمانی تەكنیکی یان هونەری کە بونیادێکی لۆژیکی و ماتماتیکییانەی هەیە، ئەو توانایەی هەیە و كارئاسانی بۆ مرۆڤ دەكات. لە کتێبی (ڕستەسازی لۆژیکی زمان)ی کارناپ (١٩٣٤؛ وەرگێڕانی ئینگلیزی ١٩٣٧)، كارناپ چەمكی "مێتا زمان"ی وەک ئامرازێکی فەرمی بۆ باسکردنی پێکهاتەی زمانێکی ئۆبژە بەبێ ئەوەی بانگەشە بۆ واتا یان ئاماژە و هێما بکات، دەناسێنێت. وەک خۆی دەڵێت: "لە گفتوگۆكانماندا لە بازنەی ڤییەننا دەرکەوتبو هەر هەوڵێک بۆ دارِشتنی وردتری ئەو کێشە فەلسەفییانەی ئێمە ئارەزومان لێ بو، بە کێشەی شیکاری لۆژیکی زمان کۆتایی هات، بەو پێیەی لە ڕوانگەی ئێمەوە پرسەکە لە کێشە فەلسەفییەكاندا پەیوەندی بە زمانەوە هەبو نەک جیهان، ئەم کێشانە دەبێ فۆرمولە بکرێن، نەک لە زمانی ئۆبژێکتدا، بەڵکو لە مێتا زمان دا، زمانێکی لەم شێوەیە (مێتا زمان) گونجاوە و لە بنەڕەتدا بەشدار دەبێت لە ڕونکردنەوەی زیاتر لە دارِشتنی کێشە فەلسەفییەکان و بەرهەمهێنانی زیاتر لە باسەکانیاندا". .(Carnap, 1937, 55). كارناپ مێتا زمان بەكاردەهێنێت بۆ شیکردنەوەی ڕستەسازی زمانێکی ئۆبجێکتی- واتە یاسا فەرمییەکان کە پێکهاتن و دەستکاریکردنی هێماکان بەڕێوەدەبەن- بەبێ ئاماژەدان بە واتا یان ناوەڕۆکی ئەزمونی.

بۆ كارناپ ئامانج لە بنیاتنانی زمانێکی دەستکرد، هێنانە ئارای سیستەمێک بو لە ڕێگەیەوە دەستەواژە زانستییەکان دەربڕدرێن و بە شێوەیەکی لۆژیکی شیکارییان بۆ بکرێت. ئەمەش وەک جۆرێک لە زمانێکی زانستی وایە، ئەم زمانە زانستییە توانای ئەوەی هەیە هەردو دەستەواژەی تیۆری و ئەزمونی بە باشی دەربڕدرێ، دڵنیاییکردنەوەشە لەو بانگەوازەی زانین هەم لە ڕوی لۆژیکییەوە ڕەوایە و هەم لە ڕوی ئەزمونییەوە شیاوی پشتڕاستکردنەوەیە. شیکاریی لۆژیکییانەی جیهان، لەسەر بونیادێکی دیکەی تێگەیشتن و فامی ژیرانەی بواری زانینەکانی مرۆڤ وەستاوە و ئامانج لێی دوبارە دارِشتنەوە و بە شێوەیەکی نوێ پێناسە بۆ چەمکە کۆنەکان و جارێکی دیکە شیکاریکردنیانە.

## دووەم: شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان

یەکێک لە ڕەوتە سەرەکییەکانی فەلسەفەی زمان، ڕەوتی "شیکاریی" بو. كارناپ و زۆرینەی ئەوانەی بەم پرسەوە خەریکبون، پێیانوابو زمانی ئاسایی چیتر ئەو توانستەی نییە دەربڕینەکانی دروستبن و چارەسەری پرس و کێشە زانستییەکان بکات، بۆ ئەمە پێویستیمان بە زمانێکی دەستکرد هەیە. ڕێگای گەیشتن بەم زمانەش، شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان بو. "فەلسەفەی شیکاریی زمان، میتۆدێکی فەلسەفییە بۆ کێشە فەلسەفییەکان، بۆ هەمو بابەتە فەلسەفییەکان سودبەخشە، بەئاگابونی ئێمەیە لە بەکارهێنانی زمان بۆ چارەسەری کێشە فەلسەفییەکان، بە تێڕوانینی زۆرێک لە توێژەران ڤیتگنشتاین مەزنترین فەیلەسوفی سەدەی بیست و شیکاریی زمانە. شیکاریی فەلسەفی، میتۆدێکە کە فەیلەسوفانی هاوچەرخی ئینگلیزی و پۆزەتیڤیستە لۆژیکییەکان بەکاریاندەهێنا، لە سەرەتادا (ڕاسڵ و ڤیدگنشتایین) بۆ شیکاریی ئەقڵیی فاکت و بڕیارەکان . دەستەواژەکان، دواتریش (ڕاسڵ و ڤیدگنشتایین و مۆر) لە زماندا بەکاریانهێنا، ئینجا لە لای پۆزەتیڤیستەکان بایەخی زیاتری وەرگرت لە زمان و پێکهاتەی ڕێزمانیی و لۆژیکییەکاندا بە تایبەت (كارناپ): هاوکاتیش شیکاریی ماتماتیکیی، فیزیایی، کیمیایی، فیلۆلۆژیی . زمانناسی، مەبەستداریی، هەروەها شیکاریی لۆژیکیی برەویان پێدرا". (خەلەکانی، ٢٠١٠، ٨٢).

شیکاری، کردەیەکی هۆشەکییە و هەمو زانستەکان پشتی پێ دەبەستن، شیکاری بۆ هەر بوارێک پێویستە، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی کە لە هەر شتێکدا، شتی ئاڵۆز و نەزانراو و نادیار هەیە، شیکاریش ئەرکی ئەوەیە لە بابەتی ئاڵۆزەوە،

ڕوە و سادەکردن و بەشکردن بچێت، لە لێڵی و ناڕۆشنی بابەتەکەوە بەرەو ڕونی و دیاریخراوی بابەتەکە بچێت و بگاتە سادەترین بەشی خۆی کە چیتر شیاوی شیکاریکردن نییە و هیچ ناڕونی و لێڵییەک ناهێڵێتەوە. "وشەی analysis – شیکاری: وشەیەکی گریکییە، ماناکەی کردنەوە و گەڕانەوەی هەمو پێکهاتێکە، بۆ بەشەکانی." (چیا، ٢٠٠٥، ل. شیکاری، کردارێکی هۆشەکییە. شیکاری؛ ڕێکارێکە لە بابەتی دژوار یان ئاڵۆز دەستپێدەکات، دابەش دەکرێت بەسەر بەشگەلی بچوکتر، بەو ئامانج و مەبەستەی بتواندرێ باشتر و ڕونتر و ئاشکراتر، ئەم بابەتە بزاندرێ. بۆ فەلسەفە؛ میتۆدی شیکاریی، گەڕانەوەیە بۆ بنج و بنەما سەرەکییەکانی ئەو بابەتە، ئەمەش خۆی لە بوارێکدا نابینێتەوە، ئێدێ یان (بیرۆکە)، ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە دەربڕینی زمانییەوە هەیە، دەستەواژەکان، هەتا دەگاتە ڕوداوی واقیعی و خودی ژیان خۆی.

کارناپ بەو بەها و گرنگییەی دەیدا بە سینتاکسی لۆژیکی، ئامانجی نەهێشتنی ئەو ناڕونیی و لێڵیانەی لە زمانی سروشتیدا هەن، وەک بەربەستێکی سەرەکی لەبەردەم پێشکەوتنی زانستیدا دەزانی. بەو پاساوەی، کارناپ پێیوابو دەتوانرێت کێشە و پرسە فەلسەفییە نەریتییەکان سەبارەت بە میتافیزیک و واتا بە گۆڕین و سودوەرگرتن بۆ زمانێکی زانستیتر چارەسەر بکرێت یان دور بخرێتەوە، زمانێک دەتوانرێت بە تایبەتمەندی وردی ماتماتیکی و لۆژیک شیکاری بکریت. واتاسازی ئاماژەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە واتا و چۆنیەتی پەیوەندی زاراوەکانی ناو زمانێک بە ئۆبژە (بەکاربەر . هۆکرد) یان چەمکەکانی جیهانەوە. بە بڕوای کارناپ، مانای زاراوەیەک تەنیا بە تایبەتمەندییە ڕستەسازییەکانی دیاری ناکرێ، بەڵکو بە ڕێساکانی لێکدانەوەش کە لە چوارچێوەیەکی زمانەوانیی دیاریکراودا دامەزراون. بەو مانایەی هەر هەر زاراوەیەک تەنیا بە یاسا ڕێزمانییەکانی واتاکەی دیاری ناکرێ، بەڵکو بە گوێرەی ئەو بونیاتە لۆژیکی و شیکارییەی هەیەتی، دەکرێ واتاکەی دیاری بکرێ. کارناپ لە "واتا و پێویستی . ١٩٤٧" دا ئەم جیاوازییە باشتر دەخاتە ڕو و پێشنیازی ئەوە دەکات "ماناکان بە پێکهاتەی چوارچێوەی زمانەوانی و ڕێساکانی بەڕێوەبردنی بەکارهێنانی دیاری دەکرێن".(Carnap 1947, 34). ئەم مەبەستەی کارناپ و ئەوەی ئەنجامیدا، بەو جیاکردنەوەی نێوان ڕستەسازی و واتاسازی، ڕێخۆشکەربو بەوەی ڕونی و ئاشکرایی زێدەتری بەخشی بە فەلسەفە و زانست. ئەمەش وایکرد زمانێکی وەها بێتە ئاراوە تەواو لۆژیکی بێت و جۆرێک لە توندی تێدا بێت، توندی بەو واتایەی زمانێکی یەکگرتوی زانستی بێتە ئاراوە تەواو پتەوبێت و پابەندی یاسا زمانی و لۆژیکی و زانستییەکان بێت، ئەمەش بۆ توێژینەوەی زانستی سودی تەواوی هەبو. لەو کاتانەی زانست و ئەزمون دەستەواژە و بانگەشەکانیان دەخەنە ڕو، سود لەم شێوازە زمانە وەردەگرن و کۆمەکێکی باشی ئەو لایەنەی زانست دەکات. "ئەو ئەرکەی بە فەلسەفەی نوێ بەخشراوە، وادەکات لە چوارچێوە و پاوانی زانستە ئەزمونەییەکاندا چالاک و دەستبەکار بێت، ئەو دەستبەکاربونە لە ڕونکردنەوەی دەستەواژە . کێشەکان بە هۆی شیکردنەوەی لۆژیکی بەو لاوە شتێکی دیکە نییە. ئەمەش بەو واتایەیە کە: شیکردنەوە و تاوتوێکردنی کێشە و دەستەواژەکان بۆ بەشە سادە و ساکارەکانیان (چەمکەکان)، ئینجا ئەو چەمکانە هەنگاو بە هەنگاو ببرێنەوە سەر چەمکە بنەڕەتییەکان. بە هەمان پێودانگ کێشە (پرۆپۆزیشن) و دەستەواژەییەکان ببرێنەوە سەر چەند کێشە و دەستەواژەیەکی بنەڕەتی کە پێشتر لێوەیان وەرگیراون و کەوتونەوە". (عەزیز، ٢٠١٦، ٢٤٦).

کارناپ چەمکی "چوارچێوەی زمانی" (linguistic framework) داهێنا، مەبەست لێی سیستەمێکی تایبەتە بۆ ئاخافتن لەبارەی جۆرێکی دیاریکراو لە بابەتەکان. بۆ نمونە، زمانی فیزیا چوارچێوەیەکی زمانییە بۆ قسەکردن لەبارەی دیاردە فیزیاییەکان. بە لای کارناپەوە، پرسیارە فەلسەفییەکان دەبێت لە ناو چوارچێوەیەکی زمانی دیاریکراودا بکرێن، نەک وەک پرسیاری گشتی و ناڕون. لەمەوە تێدەگەین بۆ کارناپ، پێکهاتەی لۆژیکی زمانێک لە پێش هەمو شتێکەوەیە لە دڵنیابون

لەوەی دەستەواژەکانی هەم لە ڕوی لۆژیکییەوە گونجاون و هیچ کێشەیەکیان نییە و هەم واتادارن. ئەو پێیوابو پێکهاتەی لۆژیکی زمان، توانای ئەوەی هەیە سەربەخۆ شیکاری و شیکاری بکرێت، بەدەر لە واتا ئەزمونییەکەی خۆی و بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەمە دەکات. کارناپ شیکارییەکی ورد دەخاتە ڕو "چۆن دەتوانرێت دەستەواژە و هێما لۆژیکییەکان هەماهەنگی و تێکەڵیان هەبێ بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی لۆژیکی کە بەهۆی پێکهاتەکەیانەوە ڕاستن". (Carnap, 1934, 54). دەستەواژە لۆژیکییەکان، بنەمای سیستەمە لۆژیکییەکان، هەرچەندە لەخۆیاندا ئەو هێزەیان هەیە بەدەر لە واتا ئەزمونی و کردەکییەکەی خۆیان، واتادار و ڕاست بن، وەلێ ئەو شیاوێتی و توانایەشیان تێدا هەیە بتوانرێ پشتڕاست یان ساغ بکرێنەوە، ئەمەش هاوئاهەنگی و دروستی شێوەی دەستەواژەی لۆژیکی دەخاتەڕو، هاوکات زمان لە کەوتنە هەڵە و شێوازە ناتەندروستەکەی دەپارێزێ لە کاتی ئاخافتن و بەکارهێنانیدا. بۆیە کارناپ بڕوای وایە " دەستەواژە لۆژیکییەکان، بە سروشتی خۆیان، تاوتۆلۆژین- هەمانگۆیی. دوبارەبوەوەن، بەهۆی پێکهاتەی ڕستەسازییەوە ڕاستن نەک بە هەبونی ئاماژەپێدەرێک لە جیهانی دەرەکی". (Carnap, 1934, 62).

لێرەوە دەبینین کارناپ، سودی زۆری لە تەکنیک و شێوازی لۆژیکی هێمایی و ماتماتیکی بینیوە بۆ شیکاریی لۆژیکییانە بۆ دەستەواژە و دەربڕین، بەو ئامانجەی واتاکانیان بێتە دیارکرن. لەمبارەیەوە کارناپ پێیوایە "شیکاریی لۆژیکی ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کام دەستەواژانە واتادارن، لێرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە دەستەواژە مێتافیزیکییەکان بێ واتان". (کارناب، ١٩٩٠، ١٤١). شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان، بەو مانایەی ئەم میتۆدە کار لەسەر دەستەواژە و دەربڕینەکان دەکات، واتا و بێ واتاییان دەردەخات. لە ڕێی شیکاریی لۆژیکییەوە، دەتوانین دەربڕین و دەستەواژەکانمان زانستی و زانینێکی تەواوەتی بن، بێ بەریبن لە هەر جۆرە نائەزمونی و نەزانینێک، بەو مانایەی زمان پێویستی بەو میتۆدەیە تاوەکو بزانین کام دەربڕین وگوتنانە زانینمان پێدەبەخشن و بە واتان و کامانەش بێ واتان و شیاوی ئەوەنین وەکو زانین مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و خۆمانیان پێوە مژول بکەین. لێرەوە دەبینین و تێدەگەین، "شیکردنەوەی لۆژیکی بە یارمەتی ئامرازەکانی لۆژیکی نوێ، بەرەو زانستی یەکگرتومان دەبات. چەندین زانستی جیای پەیڕەو لە بنچینەدا جیاواز یاخود چەندین سەرچاوەی جیای زانین نییە، بەڵکو تەنیا یەک زانست هەیە، هەمو زانینێک لە نێو ئەودا جێگای خۆی هەیە، تەنانەت وەک چەند زانینێکی لە بنچینەدا شێواز وەک یەک. ئەو جیاوازییە ڕواڵەتی و ڕوکەشییەی بەرچاو دەکەوێ، لەوەوە کەوتۆتەوە بۆ دەربڕینی مرۆڤ چەندین لقە زمانی جیاواز بەکاردێنێ". (عەزیز، ٢٠١٦، ٢٧٩).

کەواتە دەتوانین بڵێین، شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان، میتۆدەی سەرەکی بو لای کارناپ بە ئامانجی نوێکردنەوەی لۆژیک و داهێنانی تێگەیشتن و پێناسەی نوێ بۆ فەلسەفە و زانست و زانین و هەر بوارێک. شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان، زانینێکی یەکگرتو دەبەخشێ، لە یەکەیەکی یەکگرتوی زانستیدا. ئەمەش ئامانجی کارناپ بو تا توێژینەوەی زانستی بتوانێ بە ئاستی تەواوەتی خۆی بگات و خۆی لە دەستەواژە و دەربڕینە بێ واتاکان بپارێزێت. هاوکات، چیتر ڕۆڵی فەلسەفە لەو چێوە نەریتییەدا ناهێڵێتەوە، بەڵکو ئەرکی فەلسەفە دەبێت بەو ئەرکە نوێیەی لە ڕێی لۆژیکی نوێ و بە یارمەتی شیکاریی لۆژیکی زمان دەردەکەوێت. ئەم وەرچەرخانە، بە زانستیکردنی فەلسەفەبو و دورخستنەوەی بو لە کێشە و پرسە نەریتییەکان. نزیکبونەوەی فەلسەفەبو لە زانست.

## ئەنجام

١. نزیککردنەوەی فەلسەفە لە زانست، بە ڕێی لۆژیک و زمانەوە دەتوانرێ بگاتە مەبەست. ئەویش بە تێپەڕاندنی لۆژیکی کۆن و لە جێگەیدا لۆژیکی نوێ. لۆژیکی نوێ، بونیاتێکی ماتماتیکیانەی شیکاریانەی هەیە و پەیوەندی تەواوی بە زمانەوە هەیە. لۆژیکی نوێ، وەرچەرخان و بارگۆڕینێکبو بەسەر فەلسەفەدا هات لە سەدەی بیستەم.
٢. بۆ کارناپ، داهێنانی زمانێکی دروست و زانستییانە، بە ڕێی میتۆدی شیکاریی لۆژیکی، کاری لەپێشینەبو، چونکە زمانێک بونیاتێکی لۆژیکی و ماتماتیکییانەی هەبێ، لە کەوتنە هەڵە و خۆ خەریککردن بە کێشەی نالۆژیکی، دور دەخاتەوە.
٣. لای کارناپ، تەنیا دو جۆر دەستەواژە مانادارن و شیاوی ئەوەن پێیانبگوترێ زانینی ڕاست و دروست، ئەو دو جۆرەش، یان ئەوەیە دەستەواژەی ئەزمونین کە لە جیهانی ئەزمونیدا ئاماژەپێدەرییان هەیە و شیاوێتی ساغکردنەوە و سەلماندنیان تێدایە، یاخود دەستەواژەی شیکارین کە ئەوانیش بونیاتێکی لۆژیکی و ماتماتیکییانەیان هەیە و هەمیشە لەخۆیاندا ڕاستن.
٤. شیکاریی لۆژیکی بۆ زمان، لای کارناپ، میتۆدی کارکردی سەرەکییە بۆ گەیشتنە ئامانجەکانی، چونکە بەو میتۆدە دەتوانرێ زمانێک بێنێتە ئاراوە وەک خۆی پێیدەڵێ زمانی دەستکرد، ئەو زمانە تەنیا لەو دو جۆرە دەستەواژانە پێکدێت کە دەکەونە چوارچێوەی ئەزمون و شیکارییانە و دەتوانن زانین و ڕاستیمان لەبارەی جیهانەوە پێبڵێن.
٥- شـــیکاری لۆژیکی بۆ زمان، میتۆدەیەکە دەتوانرێ دەســـتەواژەی واتادار و بێ واتا دیاری بکات و جیایان بکاتەوە لە یەکتر. هاوکات ڕێگایەکە بۆ بەرپەرچدانەوە و ڕەتکردنەوەی دەســـتەواژە لۆژیکییەکان کاناپ بەکاریهێنا و ســـودی لێ وەرگرت.

**لیستی سەرچاوەکان**


Carnap, Rudolf.1930. *Die Alte und Die neue logek* .Lipzig: Erkenntins.

Carnap, Rudolf. 1947. *Meaning and Necessity* .Chicago: University of Chicago.

Carnap, Rudolf. 1932. *The Elimination of Metaphisics Throgh Logical Analysis of Language* .New York.

Carnap, Rudolf. 1937 *The Logical Syntax of Language (Logische Syntax der Sprache .(*New York: Kegan Paul, Trench, Trubner & Co., Ltd., London; and Harcourt, Brace & Co.

Carnap, Rudolf. 1934.*The Logical Syntax of Language* .London: Rotledge & Kegan Paul.

Fromkin , V., Rodman, R & ,.Hyams, N 2018. .*An Introduction to Language (11th ed .(*.Boston: Cengage Learnin.

الموسی، اسامه علي حسن.٢٠٠٢. *المفارقات المنهجية في فكر زكي نجيب محفوظ.* الكويت: المجنس الوگني للثقافة والفنەن والادب.

ماتیۆس، پیتەر هۆگۆ.٢٠٢٢. *زمانەوانی.* سلێمانی: دەزگای جەمال عیرفان.

ئیرانیزا، جیسنی تیسمەن .کاترین. ٢٠٠٩. *فەلسەفە بە زمانی تازە.* سلێمانی: چاپخانەی هاوسەر.

جەباری، د.حسن حسین. ٢٠١٤. *لۆژیکی کۆن و لۆژیکی هاوچەرخ.* هەولێر: دەزگای نارین.

عەزیز، د.حەمید. ٢٠٠٥. *بنەماکانی فەلسەفەی شیکردنەوەی مەنتیقی.* هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوکاری موکریانی.

عەزیز، د.حەمید. ٢٠١٣. *دەربارەی فەلسەفەی کۆڕی ڤیەننا.* هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، دەزگای ئاوێر بۆ بڵاوکردنەوە.

عەزیز، د.حەمید. ٢٠١٦. *لۆژیک: دوێنێ و ئەمڕۆ.* هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، دەزگای ئاوێر بۆ بڵاوکردنەوە.

کەمال، د.محەمەد. *لۆژیکی هیگڵ.* سلێمانی: دەزگای سەردەم، ٢٠١٦.

ئەسوەد، د.نەوزاد. *دەربارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە.* سلێمانی: دەزگای جەمال عیرفان، ٢٠٢٠.

کارناب، رودولف. ١٩٩٠. ترجمة: السئد نفادي. *الاسس الفلسفية للفيزياء .* القاهرة: دار الثقافة الجديدة.

ئاناس، ژولیا. ٢٠١٤. *فەلسەفەی دێرین (پێشەکییەکی زۆر کورت).* سلێمانی: یانەی قەڵەم.

عەزیز، د.حەمید. ٢٠١٥. مێتافیزیک ڕەهەند و ئاسۆ. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، دەزگای ئاوێر بۆ بڵاوکردنەوە.

نوسەر، کۆمەڵێک. ٢٠١٧. *ڕۆدۆڵف کارناپ.* سلێمانی: دەزگای ئایدیا.

کەمال، محەمەد. ٢٠٢٤. *فەلسەفەی زمان.* سلێمانی: دەزگای سەردەم.

چیا، محمد. ٢٠٠٥. *فەرهەنگی فەلسەفی.* تاران: بڵاوکار نەشری ئیحسان.

خەلەکانی، ئارام قادر. ٢٠١٠. *شرۆڤەی لۆژیکی بۆ زمان.* دهۆک: چاپخانەی خانی.

هارتمان، یان. ٢٠١٩. *فەرهەنگی فەلسەفی .* سلێمانی: دەزگای جەمال عیرفان.